کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم ژمارەی ۱۹۲ نیوەی دووهەمی پووشپەری ۱۳۸۳- جولای ۲۰۰٤

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کونگرەی ۱۱ی کۆمەڵە

بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەین کە لە ڕۆژانی ٤ تا ۹ی گەلاویژی ساڵی۱۳۸۳ی هەتاوی، کونگرەی یازدەهەمی کۆمەڵە سەرکەوتوانە بەڕیوە چوو.

لەم کونگرەیەدا نوینەرانی هەلبژیردراوی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات، لە هیزی پیشمەرگە لە کوردستانی عیراق و لە تەشکیلاتی نەهینی، بەشدار بوون. لە ماوەی ٦ ڕۆژ کاری پربەپردا هەموو ئەو ئەرکانەی کە کونگرەی یازدە وەئەستۆی گرتبوو، بە ئەنجامی گەیاندن.

ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی بە کونگرە تەوەرەی باسە سەرەکی‌یەکانی کونگرە بوو. لەم ڕاپۆرتەدا هەل و مەرجی سیاسی ئیستای جیهان، ڕۆژهەلاتی ناوەراست، عیراق و ئیران و کوردستان درایە بەر باس و لیکۆلینەوە و ستراتێژ و بەرنامەی کاری کۆمەلە لە هەموو بوارەکانی وەك:

تەبلیغات، تەشکیلاتی نەهینی، هەلسوورانی ئاشکرا، چالاکی نیزامی، پەیوەندی‌یەکانی دەرەوە و هەروەها ئەرکەکانی کۆمەلە لە پەیوەند لەگەل هەل و مەرجی سیاسی ئیستای کوردستانی عیراق، دیاری کرا. کونگرە چەند پەیامی ڕوو لە کریکارانی کوردستان، بنەماڵەی گیانبەختکردوان و زیندانیانی سیاسی پەسەند کرد.

بروانە ل ۲

## دەوڵەتی تورکیە و هەوڵی خستنەوە گەری کۆبوونەوەکانی سێقولی لەدژی خەلکی کوردستان

ڕەجەب تەیب ئوردوگان سەرۆك وەزیرانی تورکیە دوابەدوای سەفەرەکەی بۆ ئیران، سەفەری سوریە دەکات. ناوبراو پیش سەفەری ئیران بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە مەبەستی لەم سەفەرەی دارشتنی بەرنامەی کاری هاوبەشە لەگەل کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ پیش گرتن بە دروست بوونی دەولەتیکی کوردی. هەروەها وتی کە بە شیوەیەکی کونکریت تر قسە لە چالاك کردنەوە و خستنەوە گەری کۆبوونەوەکانی سێقولی لەگەل کۆماری ئیسلامی و ڕژیمی سوریە دەکەن. شایانی باسە دەولەتەکانی تورکیە و ئیران و سوریە پیش ڕووخانی ڕژیمی عیراق بە مەبەستی هاوئاهەنگ کردنی سیاسەتەکانی خۆیان لەدژی خەباتی خەلکی کورد هەر سێ تا شەش مانگ جارێك لەئاستی وەزیرانی دەرەوەدا کۆدەبوونەوە.

سەرەرای هاوکاری‌یەکانی پیشووی ئەم سێ دەولەتە لەسەر کیشەی کورد، بە تایبەتیش لە هەل و مەرجی ئیستادا دەولەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران و سوریە لەبەر دوو هۆی ئەساسی بە گەرمی پیشوازی لەم دەس پیش خەرییەی دەولەتی تورکیە دەکەن: یەکەم، رادەی سەرسەختی دەولەتی تورکیە لە بەرامبەر مافە سەرەتایی‌یەکانی خەلکی کورد لە تورکیە و شوڤینیزمی کوێرانەی ئەو دەولەتە دەناسن و دەزانن کە ئەوەندەی وا پەیوەندی بە سەرکوتی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە هەرکام لە پارچەکانیەوە بێ، دەولەتی تورکیە هاوپەیمانیکی هەتاسەر و شیلگیری ئەوان لەم بوارەدا دەبی. دووهەم، تورکیە پیوەندییەکی توند وتولی لەگەل دەولەتی ئامریکا هەیە و هاوپەیمانیکی ستراتیژیکی ئەم دەولەتەیە. دەولەتی ئامریکا بە هیچ شیوەیەك نایهەوێ ئەو پیگە گرینگەی خۆی لە مابەینی ئورووپا و ڕوسیە و ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا لەدەست بدات، یان تەنانەت لاوازیشی کات. هەر بۆیە سیاسەتی بەکردەوەی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە لیکدانەوەی نیهایی‌دا لەگەل سیاسەتی دەولەتی تورکیە هاوئاهەنگ دەکات. دوو دەولەتی ئیران و سوریە دلنیان لەوەی کە دەولەتی تورکیە لەم کۆبوونەوەیە سێ قولیەدا، لە هەمان کاتدا سیاسەتی ئامریکاش نوینەرایەتی دەکات و ئەوان دەتوانن بە کردەوە لە ڕیگای تورکیەوە سیاسەتی خۆیان لەگەل سیاسەتی ئامریکا لەسەر مەسەلەی کورد هاوجیهەت بکەن.

جیگای و شوینی تورکیە لەم کیشەیەدا ڕیگا بەو دەولەتە دەدات کە کونترول و ڕیبەری ئەو هاوئاهەنگی‌یە چەند لایەنە وەئەستۆ بگرێ. ئەگەرچی ناروون بوونی داهاتووی سیاسی عیراق و ئەگەری گۆرانکاری جۆراوجۆر کە لەبەردەم ئەو ولاتە دایە وای کردووە کە کوردستانی عیراق لە ناوەندی باس و بریارەکانیان لەسەر مەسەلەی کورددا بێ. بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەوان پیلانەکانیان لەدژی خەباتی سیاسی و جەماوەری لە کوردستانی ئیران، تورکیە و سوریە هەلدەپەسێرن. ئەو ڕاستی‌یە ئاشکرایە کە ئەوان نیگەرانی پیك هاتنی دەولەتیکی سەربەخۆی کوردی لە هەل و مەرجی ئیستادا نین. ئەمەی کە لەم بارەوە پروپاگەندەی پیوە دەکەن تەنیا بیانوویەکە بە کاری دەهینن بۆ ئەوەی دەولەتی داهاتووی عیراقیش لەم بابەتەوە لە خۆیان نزیك تر کەنەوە و ڕیگە نەدەن لەسەر مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق پاشەکشەی زۆرتر بکات. سیاسەتیکی بەکردەوە کە لە یەك ساڵی ڕابردوودا لە عیراق بەڕیوە چووە نیشان دەدات کە دەسەلاتدارانی کاتی ئەورۆ و دائیمی سبەینی، نەك هەر ئامادە نین لە پەیوەندی‌یەکی دیموکراتیك دا مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بسەلمینن بەلکوو بەردەوام بە شوین بیانوودا دەگەرین هەتا هیچ شتیك زیاتر لەوەی کە هاوسەنگی هیز بەسەریان دا دەسەپینی قەبوول نەکەن. و هەر ئەو ڕاستی‌یە نیشان دەدات کە دوور نین ئەو ڕۆژانەی کە کۆبوونەوەکانی "سێقولی" ئەوجار "چوارقولی" بەڕیوە بچن.

بەلام دەولەتانی دەسەلاتداری ئەم چوار ولاتەی کە خەلکی کورد تیدا دەژین، سەرەرای هاودەنگی و هاوپەیمانی‌یەك کە لەسەر مەسەلەی کورد پیکەوە هەیانە، ناکۆکیەکانیشیان هەر بەردەوامە. جگە لەوە ئەمرۆکە فاکتوری حزووری نیزامی ئامریکاش ڕاستەوخۆ هاتوەتە کایەوە. ئەوەی کە بۆ خەباتی خەلکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی جیگای مەترسی‌یە ئەوەیە کە حیزبە سوننەتی و ناسیونالیستەکانی کورد ببن بە ئامرازی زەخت لەسەر ئەم یا ئەو دەولەت لەپیناوی بەرژەوەندی ئەم یا ئەوی تریان. و بە تایبەت ئەگەر ئەم هاندان و دەست تیوەردانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەولەتی ئامریکاشەوە بێ، کیشەکان ئالۆزتر و مەترسی‌یەکان گەورەتر دەبنەوە.

بێ‌تەفاوتی سیاسی و چاوەڕوانی ڕوداوەکان دانیشتن باشترین زەمینە بۆ بەڕیوە چوونی نەخشەکانی دوژمنانی خەلکی چەوساوە و زەحمەتکیش لە کوردستان دەرخسینن. پوچەل کردنەوەی هەموو ئەو پرۆژە و پیلانانەی کە بەردەوام لە کایە دان، بەبێ بلاو بوونەوەی تۆوی وشیاری و بەبێ وەخەبەر هاتنیکی گشتی مەیسەر نابێ.

## گەلاڵەی بەرز کردنەوەی ئاستی پیشەیی موعەلیمان یان سووکایەتی و دووبەرەکی نانەوە؟



دوای ئەوەی ڕژیم موعەلیمە خەباتگیرەکانی کیشایە ناو بیدادگاکانیەوە و موحاکمە و موجازاتی کردن و تەنیا گۆڤاری واتا قەلەمی موعەلیمی داخست، ئەمجارەیان بە یارمەتی کارناسەکانی و ڕاگەیەنەرە وابستەکانی دەستیان داوەتە تەبلغاتیکی بەربلاو و باس لەوە دەکەن کە حەقدەستی موعەلیمان زیاد دەکریت. بەلام دوای ئەو گشتە تەبلیغاتەی پروپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی حەقدەستی موعەلیمان بە مەدرەکی خوارەوە ۲۰ لەسەد زیادی کرد و حەقدەستی باقی موعەلیمان تەنیا چەند دەرسەد زیادی کرد کە ئەویش هیچ شتیك نەبوو جیا لەو حەقدەستە کەمەی کە هەر ساڵە بۆ تەواوی کارمەندان زیاد دەکریت. لە ڕاستی‌دا ڕژیم بەو کارەی دەیهەویست کە دووبەرەکی بخاتە نیو موعەلیمان و ریزە ریکخراوەکانی موعەلیمان و فەرهەنگیان لیك بلاو کات و زەربە لە کانونی سنفی موعەلیمان بدات، وە بەگشتی دەیهەویست کە بەم کارەی کۆنترولی موبارزاتی موعەلیمان بەدەستەوە بگرێ.

بەم کردەوەیەی ڕژیم بۆ جارێکی‌تر ئیعترازاتی بەربلاوی

بروانە ل ۲

## بەیانییەی کۆتایی کونگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بروانە ل ۲



## هەڵس و کەوتی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ پەنابەرانی کورد و ئێرانی

*** هەئیەتی کۆمەلە لە ژنیڤ چاوی بە بەرپرسانی یو_ ان دەکەوێ**

زیاتر لە ۱۳۰۰ کەس لە پەنابەرە کورد و ئیرانیەکان کە لە کەیس بەندی کومیسارییای عالی پەنابەرانی ریکخراوەی نەتەوەکان دا بە گرووپی"شوماڵی عیراق" ناسراون، لەو چەند حەوتویەی دوایی‌دا وەبەر پەلامار و گوشار و هەرەشەکانی پولیس و سازمانی ئەمنیەتی تورکیە کەوتوون. وەزارەتی کشوەری تورکیە بە تەوافوق لەگەڵ کومیسارییای عالی پەنابەرانی ریکخراوەی نەتەوەکان، بە ڕەواڵەت ئەم کەسانەی وەك خارجی لە قەلەم داوە و ئەوانی بە سەر شارە جۆرواجۆرەکاندا دابەش کردووە. بەم شیوەیە دەولەتی تورکیە، ئیمکانی ئەوەی لە پەنابەران سەندۆتەوە کە بە شیوەیەکی بە کۆمەڵ

بروانە ل ٤

## ئیتلاعاتی ڕژیم دزە دەکاتە ناو تاکسیرانی شاری سنە

لە دریژەی پروسە و بەرنامەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ نانەوەی ترس و دلەڕاوکی و سەرکوتی خەلکی وشیار و ئاگای شاری سنە، ئیدارەی ئیتلاعات دەستی داوەتە کردەوەیەکی‌تر بۆ لەژیر چاوەدیری نانی خەلکی شورشگیری ئەم شارە.

ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە شاری سنە بە ڕەخنە کردنە ناو "ناوگانی تاکسیرانی" ئەم شارە و دانانی زیاتر لە ۵۰ بەکریگیراوی خۆی کە بە هاوئاهەنگی لەگەل ئیتحادیەی تاکسیرانی شاری سنە ئەنجام دراوە خەریکی جاسوسی و خەبەر چینین بۆ ئەوەی پەروەندە بۆ ئەم و ئەو دروست بکەن و هەستی نیگەرانی لەناو خەلك دا پیك بینن.

## بەرپرسانی ڕژیم لە دیواندەرە ۱۵۰ کیلو مورفین دەشارنەوە

ڕۆژی ٦ی گەلاویژ ماشینیکی کانتێنر کە هەلگری ۱۵۰ کیلو مورفین بووە و بە نیاز بوون بەرەو سنورەکانی ڕۆژئاوای ئیران بەرێی بکەن، لەلایەن مەئمورانی ئەم شارەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ. پاش لیکۆلینەوە دەر دەکەوێ کە ئەم ماشینە هەلگری مورفین و هی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بووە، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کورت ناهیلن هەوالەکەی لە ڕاگەینەرە گشتیەکان بلاو بیتەوە و بەرپرسی تەبلیغاتی ئوستانی کوردستان لە شیوەی دەست بەسەردا گرتنی ئەم ماشینە و ئاگادار بوونی خەلك ڕەخنە دەگری و پێیان دەلی ئەمە ئەسراری حکومەتی‌یە و نابێ ئاشکرا بکرێ.

## پاشماوەی کۆتایی کونگرەی ١١ی کۆمەڵە

کونگرەی یازدەی کۆمەڵە لە دوایین بەشی کاری خۆیدا ٢١ کەسی بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەتا کونگرەی دوازدە هەلبژارد کە ناوەکانیان بەمجۆرەیە: کەریم ئەحمەدی، رەئوف پەرەستار، موزەفەر پاکسرشت، حەسەن رەحمانپەنا، فەرهاد شەعبانی، حسین حەمیدی، بارزان حەسەنپوور، حەسەن شەمسی، رەشید رەزاقی، عیسا جەمشیدی، ئەحمەد سالحی، فەراسەت سالحی، ئەختەر کەمانگەر، ئیبراهیم عەلیزادە، رەحیم عەزیز پوور، حەسەن کەریمیان، عەباس مەسعوودی، سەلاح مازوجی، یونس مەولودپوور، سروە ناسری و محەممەد نەبەوی.

کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کونگرە لە یەکەم پلنومی خۆیدا کە دوابەدوای کونگرە بەریوە چوو، کومیتەی رەهبەری کۆمەلەی کە لەنیوان دوو پلنوم دا لە جیاتی کومیتەی ناوەندی، بەریوەبەرایەتی کۆمەلە دەکات، هەلبژارد. هەروەها هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادەی وەك سکرتێری یەکەمی کۆمەلە دیاری کرد.

بریار وایە کە هەموو باس و پەسەند کراوەکانی کونگرەی یازدەی کۆمەلە، ویرای راپۆرتی سیاسی بە کونگرە، لەماوەی داهاتوودا بەرەبەرە لە گۆڤار و راگەیەنە گشتی‌یەکانی کۆمەلەدا بۆ ئاگاداری هەموان، بلاو ببنەوە.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەلە**
**١٤ی گەلاویژی ١٣٨٣ی هەتاوی**
**٤ی ئووتی ٢٠٠٤ی زایینی**

## پاشماوەی گەڵاڵەی بەرز کردنەوەی ئاستی موعەلیم

کانونە سنفی‌یەکانی موعەلیمانی سەراسەری ئیران دەستی پێکردەوە. موعەلیمان هەرەشەی ئەوەیان لە رژیم کرد که ناچنەوە بۆ سەرکار و ئیمتحاناتی کۆتایی سال بەریوە نابەن. ئەم جارەشیان سەران و بەرنامە داریژەرانی حکومەت پیلانێکی‌تریان وەرێ خست و ئەویش گەڵالەی بەرز کردنەوەی ئاستی پیشەی موعەلیمان بە "ئەرشەد"، "خیبرە" و "عالی" بوو.

ئیستا، کە ئەم گەلالەیە بەکردەوە دەرهاتوە، روون بۆتەوە کە ئەوەش لە فریوکارییەك زیاتر هیچی‌تر نیە. چونکە بەشی "خیبرە" و "عالی"یان لێ لابردووە، وە تەنیا بەشی "ئەرشەدیان" هێشتوەتەوە و وتویانە کە ئەم دو بەشەی‌تر تەنیا شمولی ئەو کەسانە دەبیت کە لانی‌کەم بۆ ماوەی ٥ سال لە بەشی ئەرشەددا بن و دوای ئەوەیە کە دەتوانن لە ئیمتیازەکانی ئەم دو تەرحەی‌تر کەلك وەربگرن. قەرار وابوو ئەم گەلالەیە لە سەرەتای سالی ١٣٨٣وە بەریوە بچێت، دو جار گۆڕدرا و ئیستا بریار وابوو کە لە هەوەلی تیرمانگەوە بەریوەی بەرن. پیویستە بوتری بەم بەربەستانەی کە دایان ناوە ئەم گەلالەیە تەنیا نزیکەی ٥٠ دەرسەدی فەرهەنگیان لەخۆ دەگری و باقی ئەوان ئەم لانی‌کەم ئیمتیازەشیان بەر ناکەوێ. بۆ ئەم کارەیان کومیتەگەلیکیان لە مەدرەسەکان و ئیدارەی ناحیەکان لە مودیر و موعاوەنی مەدرەسە و نوینەرانی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش پیك هیناوە و چەند فۆرمیکیان بۆ موعەلیمان ئامادە کردووە که دەبی موعەلیمان ئەو فۆرمانە پر کەنەوە و ئەگەر ئیمتیازەکەیان نەگا بە ٦٠٠ ئەوە ئەم تەرحە شمولی ئەوان ناکات. واتا ئەگەر موعەلیمیك لە ٦٠٠ ئیمتیاز کەمتری هەبیت بە هیچ شیوەیەك بە ئیدارە موعەرفی ناکریت. ئەم کەسانەش کە لە ٦٠٠ ئیمتیاز بۆ سەرەوەیان هەیە بەپیی تەرتیبی زۆرترین ئیمتیاز ٦٥ دەرسەدیان بە ئیدارە موعەرفی دەکرین کە ئەوانیش ژمارەیەکیان لەو تەرحە حەزف دەکرین. ئەو بەندانەی کە لە فۆرمی ژمارەی ١ دان پەیوەندییەکی زۆر کەمیان بە شیوەی دەرس وتنەوە و کاری موعەلیمەوە هەیە. بۆ وینە لە یەکیك لە بەندەکانی رەزائییە ئەرباب رجوع واتا مودیرانی مەدرەسە لە هەر سالیك دا ٦ ئیمتیازی هەیە، ئیجرای بەرنامە پەروەرشی و ئیسلامیەکان و بەشداری کردن لە مەراسمەکاندا و هاوکاری کردن لەگەل مودیری مەدرەسە و ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش ٣٠٠ ئیمتیازی بۆ لە نەزەر گیراوە، وە لە بەندەکانی‌تردا لیکۆلینەوە و نەوئاوەری لە بەرنامە دژی عیلمی و کۆنەکانی رژیم دا ئیمتیازاتیکی بۆ تەرخان کراوە.

بەلام تەنانەت لیرەش دا ئەو پرسیارە دیتە پیش کە موعەلیمانی ئیمە کە لە هەژاری و رۆژ رەشی‌دان و دوای کاری مەدرەسە دەبی خەریکی شوغلی دووهەم و تەنانەت جاروبار سیهەمیش بن بۆ ئەوەی کە بژیوی خۆیان و بنەمالەیان دابین بکەن، چۆن دەتوانن خەریکی لیکۆلینەوە بن و نەوئاوەری بکەن. بێشك ئەم بەندە شمولی زیاتر لە ٩٥ دەرسەدی موعەلیمان ناکات، وە لە بەندەکانی‌تردا بۆ دەرەجەی جانبازی و رادەی پیشینەی بەسیجی بوون ئیمتیازاتیکی تایبەتی لە نەزەر گیراون.

## پاشماوەی بەیانییەی کۆتایی کونگرەی هەشتەمی ..

لە رۆژەکانی ١١ تا ١٦ی پووشپەری سالی ١٣٨٣ی هەتاوی ریکەوتی ١ تا ٦ی ئوتی سالی ٢٠٠٤ی زایینی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەریوە چوو. ئەم کۆنگرەیە بە بەشداری نوینەرانی تەشکیلاتی دەرەوەی ولاتی حیزب، نوینەرانی بەشی ئاشکرای تەشکیلاتی کۆمەلە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب کە وەك چاوەدیر لە کۆنگرەدا بەشداری‌یان کردبوو، هاوکات لە دوو شوین کە بە کەلك وەرگرتن لە رایەلەی ئینترنیت بەشداری راستەوخۆی سەرجەم هاوڕێیان لە قسەوباس و تەسمیم گیری‌یەکان دا دابین دەکرد، بەریوە چوو.

کۆنگرە بە سرودی ئەنترناسیونال و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بە نیشانەی رێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ریبازی ئازادی و سوسیالیزم کارەکانی خۆی دەست پێکرد.

کۆنگرە بە پەسەند کردنی بروانامەی نوینەران و راگەیاندنی بەشداری کردنی نوینەرانی هەلبژیردراوی بەشە جۆراوجۆرەکان، رەسمیەتی خۆی راگەیاندو بە پەسەند کردنی پەیرەوی ناوخۆی کۆنگرە و دەستوری کۆبوونەوەکان و هەلبژاردنی دەستەی بەرێوەبەر کاری خۆی دریژە پێدا. کونگرە باسەکانی‌خۆی لە چوارچیوەی راپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بردە پێش. ئەم راپۆرتە بریتی بوو لە لیکدانەوە و هەلسەنگاندنیکی گشتی لە هەل و مەرجی جیهانی سەردەم، هەل و مەرجی سیاسی ئیستا و بارودۆخی خەباتی چینایەتی لە ئیران، کارکردی ئورگانە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات و هێڵە سەرەکی‌یەکانی ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران. کونگرە لەسەر ئەو بەشانەی خوارەوە جەختی کردەوە:

ئامریکا لە قوناغی تێپەر و ناسەقامگیری‌یەك کە بە دوای کۆتایی شەری سارد و روخانی یەکیتی سوڤیەت لە پەیوەندی‌یەکانی نیونەتەوەیی‌دا هاتبووە پیش، هەولی دا کە بە پالپشتی هیزی نیزامی "نەزمێکی نوێی جیهانی" بە سەرکردایەتی خۆی پیك بینی. شەری یەکەمی ئامریکا لەگەل عیراق کە بە دوای داگیر کردنی کووەیت لەلایەن رژیمی عیراقەوە رووی دا، وەك یەکیك لە سەرەکی‌ترین ئامرازەکانی داسەپاندنی ئەم هژمونیە بەسەر چارەنوسی جیهان لە دۆخی نوێدا بەکار برا. بەلام ئیدعاکانی دامەزراندنی نەزمی نویی جیهانی بە سەرکردایەتی ئامریکا زۆر زوو وەك بلقێك تەقین، بە واتایەکی‌تر بێنەزمی‌یەکی نوێ بالی بەسەر جیهان دا کیشا. دەست تێوەردانی نیزامی و سیاسی ئامریکا لە هیچ شوینیك لە جیهان دا نە تەنیا ئەمنیەت و سەقامگرتوویی بەدواوە نەبووە، بەلکو دژایەتی و تیکهەلچونە محەللی و ناوچەیی‌یەکانی توندوتیژ کردۆتەوە. مەسەلەی فەلەستین بە چارەسەر نەکراوی ماوە، مەسەلەی عیراق دوای ١٣ سال بیلاتەکلیفی و ئابلۆقەی ئابووری لە ئاکام دا نە تەنیا بۆ خەلکی ئەم ولاتە، تەنانەت بۆ هیزەکانی ئامریکاش بو بە زۆنگاوێك. سەرەرای کۆبوونەوەی گەورەی جیهانی و خەرج کردنی بە میلیارد دولار، تیروریزمی ئیسلامی نە تەنیا مەهار نەکرا، بەلکو مەترسی‌دارتر و پتەوتریش راست بوەوە. شەرە نەتەوەیی و مەزهەبی‌یەکان لە ولاتانی بالکان گەورەترین تراژیدی‌یەکانی مرۆڤایەتی چەند دەیەی رابردوویان لێ کەوتەوە. کیشەگەلیکی‌تری وەك ناکۆکیەکانی هێندوستان و پاکستان لەسەر کشمیر، مەسەلەی چچن و گەلیك مەسەلەی‌تری وەك گیروگرفتەکانی باکوری ئافریقا، هەروا ماون. لەم نیوەدا بە تایبەت بێتوانایی لە دامەزراندنی ئاشتی لە فەلەستین، ناکامی لە عیراق، هەموویان ئەو راستی‌یە دەردەخەن کە ئەگەر دەولەتی ئامریکا بەشی رەقیبە بەهیزەکانی خۆی بە رادەی هیز و قورسایی واقعی ئەوان لە جیهان دا دابین نەکات، لە مەیدانی کردەوەدا لەگەل کیشەگەلیکی گەورە بەرەوروو دەبێ.

ئورووپای یەکگرتوو رۆژبەرۆژ زیاتر وەك زل هیزیکی ئابووری و وەك لایەنیکی سیاسی بەهیز لەئاست ئامریکا راست دەبیتەوە، روسیە لە لاوازی چەند دەیەی رابردوو رزگاری بووە و هەلویستی توندتر لە بەرامبەر ئامریکادا دەگرێتە بەر. چین بە خیرایی خەریکە ببێ بە گەورەترین دێوی ئابووری جیهان. سەرجەمی ئەمانە دەری دەخەن کە خەیالی جیهانی تاك جەمسەری بە سەرکردایەتی ئامریکا تا چ رادەیەك دورەدەستە. ئەمرۆکە توانایییەکانی ئامریکا لە بواری ئابووریش لەئاستی جیهانی‌دا لەگەل ئاستەنگ روبەرویە و هەل و مەرجی ئیستای ئەم ولاتە لە هاوسەنگی هیزی نیونەتەوەیی‌دا نەك بەهۆی سەروەری ئابووری، بەلکو لەرێگەی توانایی نیزامی بێئەملاو ئەولایەتی. بە کورتی مەزن خوازی ئامریکا بۆ زال بوون بەسەر چارەنووسی جیهان، لەگەل کۆسپی گەورە بەرەورووییە.

کۆنگرە هەروەها لە چوارچیوەی ئەم راپۆرتەدا، چووە سەر هەلسەنگاندنی رەوتیکی ئیسلامی سیاسی کە ئالاهەلگری جۆریك نارەزایەتی دواکەوتوانە لەدژی ئامریکا و رۆژئاوایە. ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئافریقا و چەند بەشیك لە ئاسیا کە لە ئەوان دا لایەنگرانی دینی ئیسلام ژیان بەسەر دەبەن، نموونەی ئاشکرای برسیەتی و بێمافی گەلیکن کە نیزامی سەرمایەداری سەردەم بەسەریانی‌دا سەپاندووە. زۆرینەی خەلکی ئەم ناوچانە برسین، بیکارن یان کەمترین ئاستی حەقدەستیان هەیە، لە حالیکدا خۆیان لەسەر دەریایەك لە سامانە سروشتی‌یەکان دانیشتوون. دەسەلاتدارانی گەندەل لەم ولاتانە نوقمی ناز و نیعمەتن و بە سەرکوتگەرانەترین شیواز بەسەر خەلکی ئەو ولاتانەدا حکومەت دەکەن.

کۆی ئەوانە بەهۆی لە ئارادا نەبوونی بەدیلیکی پیشرەو و رادیکال هەموویان بوار بۆ پەرەسەندنی رەوتە دواکەوتوە ئیسلامی‌یەکان بە ئامانجی سیاسی‌یەوە خۆش دەکەن و بەشیك لە خەلك و ئەو نارەزایەتی‌یەی کە لە ئارادایە لە دەوری ئالاکەی خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەم رەوتە کە لە قوناغیك دا بۆ بەرامبەرکێ لەگەل حیزبە کۆمۆنیستەکانی لایەنگری روسیە و بۆ بەرامبەرکێ لەگەل پێگەی یەکیتی شورەوی لەلایەن ئامریکا و پشتگیری و بەهیز دەکرا، دوابەدوای روخانی شورەوی بە پالپشتی بواریکی کۆمەلایەتی لەبار کە لە ولاتانی عەرەب و موسلمان نشین هەبوو، پەرەی سەند. ئەم بزاڤە کە دژایەتی لەگەل ئامریکا و مودێرنیزمی رۆژئاوای کردبۆ دروشمی خۆی، لە هەمان حالدا دوژمنی بابە کوشتەی کۆمۆنیزم، یەکسانی ژن و پیاو و هەرچەشنە مافیکی پیشرەو و دیموکراتیك لەم کۆمەلگایانە دایە.

بەشیکی‌تری راپۆرتە سیاسی‌یەکە، چووە سەر ئاکامەکانی گەشەی قوول و بەرینی تێکنولوژی بە تایبەت لە بوارەکانی زانیاری، ئەلکترونیك، وزە، ژنتیك و گەشەی بێوینەی هیزی بەرهەم هینان و چوونە سەری داهاتی کار و وەبیری هینایەوە کە کەلك وەرگرتن لە تێکنولوژی پیشکەوتوو لەژیر دەسەلاتداریەتی نیزامی سەرمایەداری‌دا لە جیاتی ئەوەی کە ببێتە هۆی هاتنە خواری سەعاتی کار و رفاە و ئاسودەیی زۆربەی بەرهەم هینەران، برسیەتی و بیکاری و رۆژرەشی و چەوسانەوەی لەئاستی جیهان دا بەدواوە بووە.

لەم باسەدا هەروەها ئاماژە بە ئاکامەکانی جیهان گیری سەرمایە و رمبازینی نیئولیبرالیزمی ئابووری لەئاستی جیهانی‌دا کرا و لەسەر ئەم راستی‌یە جەخت کرا کە جیهان گیری سەرمایە بەپیی سیاسەتەکانی نیئولیبرالیستی، ئاسەواری نیزامی سەرمایەداری بۆ ژیانی زۆرینەی خەلکی جیهان بە بێبەزییانەترین شیوە دەردەخات و لە هەر کوێیەك ئەم سیاسەتانە بەکردەوە دەرهاتبێ ئاکامیکی جیا لە برسیەتی و رۆژرەشی و فیرودانی ژیانی جەماوەری بێبەشی کۆمەلگای بەدواوە نەبووە.

بەلام ئەوانە تەنیا دیویك لە سیمای جیهانی ئەمرۆن. بزووتنەوەی میلیونی دژی شەر کە بە پانتایی جیهان لە ئارادابو، بەرامبەرکێی چینی کریکار لەگەل هیرشی وەحشیانەی بورژوازی بۆسەر ئاستی ژیان و دەسکەوتەکانی، پەرەسەندنی بزووتنەوەی کریکاری لە ناوەندە پیشەسازی‌یەکانی جیهان لە زۆر شوین پییان لە سیاسەتە ریفورمیستی و سازشکارانەکانی زال بەسەر ریکخراوە کریکاری‌یەکان ترازاند. بزووتنەوەی ئانتی گلوبالیزاسیون کە نارەزایەتی‌یەکە لە بەرامبەر ئاسەوارەکانی جیهان گیری سەرمایە و سیاسەتە نیئولیبرالیستی‌یەکانی دەولەتان و کومپانیا گەورە فرە نەتەوەیی‌یەکان و هەل و مەرجیك کە سەرمایەداری بەسەر جیهانی‌دا سەپاندوە، سەرجەمی ئەو بزووتنەوانە کە رەوتی ئاشکرای خەباتی چینایەتی ئەوانی لە جەمسەری سیاسی چەپی کۆمەلگادا جیگیر کردووە، جەرگەیەکن کە کۆمۆنیستەکان دەتوانن بە بەشداری خۆیان و نواندنی دەوری هەلسوور هەول بدەن کە ئاسۆیەکی سوسیالیستی بنێنە بەردەمیان. بوونی ئەم بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یانە دەرخەری ئەم راستی‌یەیە کە مرۆڤایەتی نایهەوێ بارودۆخیك کە سەرمایەداری ئەمرۆکە بەسەر جیهانی‌دا سەپاندووە، چارەنوسی چار هەلنەگری ئەو بێ.

بەرامبەرکێ لەگەل مەترسی‌یەکان و بەربەری‌یەتیك دا کە سەرمایەداری بە سەر بەشەریەتی‌دا سەپاندووە، پیویستی بە ستراتیژیکی ئاشکرای سوسیالیستی و جیهانی هەیە. ستراتیژیك کە پالپشتەکەی هیزی ئاگا و وشیار، ریکخراوبوون و هەولی یەکگرتوانەی بە میلیون کریکار و ئینسانە بێبەش و زۆرلیکراوەکانی سەر ئەم گۆی زەوی‌یە بێ، کە مەترسی‌دار بونی ئەم دۆخەیان بۆ دەرکەوتووە و نایانهەوێ ئەسیری دەست بەسراوی نیزامیك بن کە مانەوەی خۆی لە میلیتاریزم و شەر و کاولکاری و هەژارتر کردنی جەماوەری بێبەش دا دەبینێتەوە.

دەست راگەیشتن بە ئاوا ستراتیژیك لە هەلمەتیکی جیهانی بە کاری هاوبەش لە بوارەکانی ئەنترناسیونالیستی‌دا مسۆگەر دەبی و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بە بەشی خۆی دەبی پێ بنێتە ئەم گۆرەپانەوە.

کونگرەی هەشتەمی حیزب لە دریژەی هەر ئەم باسەدا لە چوارچیوەی راپۆرتی سیاسی، چووە سەر لیکدانەوەی هەل و مەرجی سیاسی ئیران و جەختی کردەوە کە بورژوازی ئیران لەئاست ئەزمەیەکی قوولی سیاسی و ئابووری کە کۆمەلگای ئیرانی داگرتووە، ریزیکی یەك دەست نیە و پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەشی نیە. بەشیك لەم بورژوازی‌یە کە وەدی هاتنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لە چوارچیوەی هەر ئەم رژیمەدا دەبینی، بەریوەبەری ئیسلاحاتیکە کە لە ریگای ئەوانەوە بتوانی هەم بەشداری چالاکانەتری لە بریارە سیاسی‌یەکانی ولات دا هەبێ و هەم پاشماوەی کۆسپەکانی سەر ریگای تیکەل بوونی بازاری ئیران لە بازاری جیهانی‌دا لابەرێ. نوینەرانی ئەم توێژە بەشیك هەر لەو دوی خوردادی‌یانەن کە لەنیو دەزگاکانی بەریوەبەری و ئیداری رژیم دا ماونەتەوە و بەشیکی‌تریش ئەو توێژەن کە لە یەك سالی رابردوودا تووشی چەند

بەرەکی بوون، لە مەجلیس و لە هیندیک ناوەندیتری دەسەلات دەرکران. هەولەکانی ئەوان لە چوارچیوەی رژیمی ئیسلامیدا بەلام لە دەرەوەی بازنەی دەسەلات دریژەی هەیە و وەك ئوپوزیسیونی رەسمی و یاسایی دریژە بە کاری خۆیان دەدەن. دوای ئەوەی کە دووی خوردادییەکان بە تەواوی شکستیان خوارد، ریزی لیبرالەکان لیك هەلوەشایەوە. بەشیك لەم لیبرالانە لە ئوپوزیسیونی دەرەوەی ولات دان و بەشیکیشیان وەك ئوپوویسیونی یاسایی بۆ رۆژی مەبادایە وەك پاشەکەوت پاریزراون. لیبرالەکانی دەرەوەی رژیم کە بەشی هەرەزۆریان لە ماوەی یەك سالی رابردوودا لە برلین لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە تاکو ریزی لیك بلاوی لیبرالیزمی ئیران کۆ بکەنەوە، هیوادار بوون کە بە دەرکردنی بەشیك لە لیبرالەکان لە حکومەت بۆشایی بەدیل پڕ کەنەوە. ئەوانە کە لە دەورەی پیشودا بە دروشمی ئیسلاحی دین و ئیسلاح لە پیکهاتەکانی رژیمی ئیسلامی هاتبوونە مەیدان، ئیستا ئەم ستراتیژەیان وەلا ناوە و خوازیاری جێگورکێی کۆماری ئیسلامی لەگەل کۆماریکی سکولارن. تویژی لیبرالەکانی ئیران سەرەرای پرژوبلاوی ئەمرۆکە چ وەکوو ئوپوزیسیونی یاسایی و چ لە روالەتی ئوپوزیسیونی تەبعیدیدا، خۆیان بە جێنشینی سروشتی رژیمی ئەزمە لیدراوی ئیسلامی ئیران دەزانن.

بەلام بە ئاشکرا دەکرێ نیشان بدری کە لیبرالیزمی ئیران تەنانەت لە چەپ ترین سیمای خۆیدا نە بۆ داهاتووی خەلکی ئیران رفاه و ئاسوودەیی بە دیاری بێنێ و نە دەتوانی ولامدەرەوەی خواست و داواکارییە دیموکراتیکەکانی کۆمەلگا بێ. لیبرالیزمی بورژوازی بەهۆی ئەوەی کە پاراستنی خاوەنداریەتی تایبەتی لای پیرۆزە ناتوانی ئەو ئازادییە دیموکراتیکانەی کە لە پلاتفورمەکەیان دا جەختیان لەسەر دەکرێ، دەری بێنێ. لە فەرهەنگی سیاسی ئەوانەدا کاتیك قسە لە ریفورم دەکری بە هیچ جۆریك مەبەستیان باش بوونی بارودۆخی ژیانی خەلکی دەست کورت و کریکار و زەحمەتکیش نیە، بەلکو ریفورمی ئابووری لە روانگەی ئەوانەوە لابردنی کۆسپەکانە بۆ بەرژەوەندی زیاتری سەرمایە و کاتیکیش کە قسە لە دیموکراسی دەکری، ئازادی گەردشی سەرمایەیان مەبەستە، یان لە هەولی دۆزینەوەی رەهەندێك دان تاکو بتوانن دزە بکەنە ناو ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیانەی کە ئیستا لە ئارادان و لە ناوەوە بیانهێننە ژیر رکیفی خۆیان. ئەزمونی بەدەسەلات گەیشتنی ئەم روانگەیە لە جیهانی سێهەم ئەو راستیانەمان پێ دەلی.

بەلام لە بەرامبەر ئەو هەولانەی لیبرالیزمی بورژوازی ئیران بۆ پیکهینانی بەدیلیکی حکومەتی جیگای سەرنجی خۆیان، کونگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران تەئکیدی کردەوە، کە نە تەنیا نەمانی کۆماری ئیسلامی بەلکو هەر رادە لە ئال وگۆری رادیکالی کۆمەلایەتی لە ئیران لە بوارەکانی دیموکراتیك و ئابووری پیویستی بە ریکخراو بوونی چینی کریکاری لە سەحنەی خەباتی سیاسی و کۆمەلایەتیدا هەیە. ئیستا چینی کریکار لە جەرگەی بارودۆخیکی دژوار و تاقەت پروکێنی ئابووریدا کە دەسەلاتدارانی سەرمایە بەسەریان دا سەپاندووە، بۆ گەیشتن بە خواست و داواکارییەکانی رۆژانەی خەبات دەکات، بە پالپشتی ئەو ئەزمونانەی کە لەم خەباتەدا وەدەستیان هیناوە و بە هەولی هەلسووراوان و ریبەرانیك کە پەروەردەی کردون لە هەول دایە کە ریزی چینایەتی خۆی یەکگرتوو و یەکپارچە بکات و هەولەکانی سەرمایەداران بۆ کونترولی بزووتنەوەیەك کە وەرێیان خستووە بێئاکام بکات، لەگەل بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان و باقی بزووتنەوە پیشکەوتن خواز و پیشرەوەکان دەبیتە هاوپەیمان و لە ئاوا ریگایەکەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی بێبەشانی کۆمەلگا، حکومەتی کریکاری خۆی تەیار دەکات. بەلام پیویستی پێوانی سەرکەوتوانەی ئەم ریگایە ئەوەیە کە رەوتی سوسیالیستی و کریکاری لە سەروی ئەم حەرەکەتەوە بێ. حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بۆ پیکهینانی ئاوا رەوتیك کە بتوانی ئەم ئەرکە گەورەیە بەریوەببات، دەبی شیلگیرانە هەول بدات. بە هەست کردن بەم راستیيانە و ستراتیژی شۆرشی کریکارییە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بواری سەرەکی هەلسوورانی خۆی لە ناوەوەی ولات و کار کردن لەنیو چینی کریکار و بزووتنەوەی کریکاریدا دیاری کردووە. ئیمە دەمانهەوێ چینی کریکاری ئیران لە ریزیکی سەربەخۆی چینایەتی لە سەحنەی سیاسیدا دەور بگێرێ. لە روانگەی ئیمەوە چینی کریکاری ئیران بەهۆی ئەوەی کە جیگا و شوینیکی چارەنووس سازی لە بەرهەم هینانی کۆمەلگادا هەیە، لە بواری هێز و قورسایی کۆمەلایەتی خۆیەوە، دەتوانی دەولەتی چینایەتی خۆی لە ریگای شۆرشیکی سەرکەوتوانەی کریکاری دابمەزرێنێ. ئیمە هەموو هیز و ئیمکاناتی خۆمان بە مەبەستی نزیك کردنەوەی ئاوا ئامانجیك دەخەینە گەڕ. بە خەبات لە ئاوا جەهەتیك دا بۆ بەدەست هینانی هەر دەسکەوتیك کە یارمەتییەك بدات بۆ باشتر بوونی بارودۆخی کار و ژیانی کریکاران یان بە ریکخراو و ریکخستنی ئەوان، هەول دەدەین.

لە بارودۆخیك دا کە ژنانی ئیران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا، هەروا لەژیر باری یاسا دواکەوتووەکانی مەزهەبی و پیاوسالارانە بۆ بەدەست هینانی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان خەبات دەکەن، کۆنگرە لەسەر بەشداری هەلسووراوانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و رەوتی سوسیالیستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ژنان جەختی کردەوە. کۆنگرە ریکخستنی بەدەیان ناوەند و بلاو کردنەوەی گۆڤاری جۆراوجۆر لەلایەن بالە جۆراوجۆرەکانی رژیم بۆ تەبلیغی فیمینیزمی ئیسلامی و هەولی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئوپوزیسیونی بورژوازی بۆ کونترولی ئەم بزووتنەوەیە، وەك زەرفیەتی شۆرشگیرانەی بزووتنەوەی ژنان لیکدایەوە و هۆی سەر نەگرتنی هەولەکانی بورژوازی بۆ کونترولی ئەم بزووتنەوەیە بەکاری رەوتی سوسیالیزمی کریکاری نرخاند. کونگرە لە باسەکانیدا لە چوارچیوەی بزووتنەوەی دانشجوییدا، خالی بەهیزی ئەو بزوتنەوەیەی نەك لە موتەمەرکیز بوونی لەسەر خواستە سینفییەکانی دانشجویان، بەلکو لە هینانە ئارا و پێداگرتن لەسەر داواکارییە سیاسییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە پەیوەند لەگەل هەل ومەرجیك کە لە کۆمەلگای ئیران دا لە ئارادایە و هەولدان بۆ جۆش دانی ئەم خەباتە لەگەل بزووتنەوەی کریکاری زانی.

لە پەیوەند لەگەل بزووتنەوی شۆرشگیرانەی کوردستان کونگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران ویرای جەخت کردنەوەی دوبارە لەسەر ستراتیژی سوسیالیستی کۆمەلە لە کوردستان، ریکخستنی بزووتنەوەیەکی ئیعترازی، پیکهینانی ریکخراوەی جەماوەری کریکاران و ژنان و... هاندان و بەربلاوتر کردنی بوارەکانی کاری عەلەنی و قانونی و ئاشکرا کردنی بنەماکانی کاری هەلسووراوانی کۆمەلە لە ناوەوە هەر لەم پەیوەندییەدا، پاراستنی زەرفیەتی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە، بنکۆل کردنی سیاسەت و شیوەکانی لیبرالی و ناسیونالیستی لە پەیوەند لەگەل چارەسەری کیشەی کورد و پتەو کردنی جیگا و شوینی کۆمەلە لە کوردستان لە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی نەتەوایەتی، لە جوملەی ئەو ئەرکانە زانی کە دەبی هەر لەم دەورەیەدا بەریوە ببرێن. کونگرە هەروەها ویرای تەئیدی هەلویست و پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی ١٠ی کۆمەلە و سیاسەت و هەلویستی کۆمەلە لەئاست ئەو رووداوانەی کە لە کونگرەی ١٠وە تا ئیستا لە ناوچەکە رویان داوە، باسی تێر و تەسەل تر لە پەیوەند لەگەل هەل ومەرجی کوردستان و ناوچەکە و ئەو ئەرکانەی کە بەرەوروی کۆمەلە بونەتەوە، خستە ئەستۆی کونگرەی ١١ی کۆمەلە کە بەم زوانە بەریوە دەچێ.

کونگرە لەدریژەی باسەکانی خۆیدا چووە سەر جیگا و شوینی بزووتنەوەی کریکاری ئیران. کونگرە لەم باسەدا ویرای پیداچونەوە بەسەر ئاکام و ئاسەواری سیاسەتی تەعدیلی ئابووری رژیم و بورژوازی بۆ چینی کریکاری ئیران، لەسەر ئەم خالە تەئکیدی کرد کە لە نەبوونی ریکخراوە جەماوەری، چینایەتی و سەرتاسەرییەکانی کریکارانە کە سەرمایەداران و دەولەتەکانیان هەلویستیکی هیرش بەرانەیان گرتوەتە بەر. ئەمرۆکە لە دۆخیك دا کە مەسەلەی ریکخراوبوونی کریکاران بو بە ئەساسیترین گرفت و گرێ کوێرەی بزووتنەوەی کریکاری ئیران، ئەرکی پیکهینان و دامەزراندنی ریکخراوەی چینایەتی، جەماوەری و سەربەخۆ لە دەولەت کە پشت ئەستور بە خەباتی کریکاران بۆ بەرامبەرکێ و بۆ بە شکست کیشانی سیاسەتەکانی چینی سەرمایەداری ئیران بێ، وەك پیویستییەك لە بەرامبەر سەرجەم هەلسوراوان و پیشرەوانی چینی کریکاری ئیران قەراری گرتووە.

چونکە ریکخراو بون و ریکخراوی چینایەتی کریکاران لە دلی خەباتی رۆژانەی کریکاران لەدژی چینی سەرمایەدار و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان بەدی دێ، خەباتی تا ئیستای چینی کریکاری ئیران و بە تایبەت پەرەسەندنی لەم چەند سالەی دواییدا بوارگەلیکی شیاوی بۆ پیکهینانی ئەم ریکخراوانە رەخساندوە. پیشرەوان و هەلسووراوانی کریکاری لە دلی ئەو خەباتەدا، ریکخستنی هەزاران نارەزایەتی و مانگرتنی کریکاری تەجرەبە دەکەن. ئەم تویژە لە کریکاران بە ئەزمون بۆیان دەرکەوتووە کە بەبێ ریکخستن و پیکهینانی ریکخراوەی چینایەتی کریکاران، بەرەوپیش چون لە خەبات بەدژی هیرشی سەرمایەداران و رژیمەکەیان مومکین نیە. ئەگەر بورژوازی ئیران تا ئیستا نەیتوانیوە ریکخراوەکانی دلخوازی خۆی پیك بێنن و بە چینی کریکاری ئیرانی قالب بکات، هەر راست بەهۆی ئەزمون، خودئاگاهی و خەباتی هەر ئەم هەلسووراوان و پیشرەوانی رادیکالی کریکارییە بووە.

ئیستا لە بارودۆخیك دا کە هەولەکانی تا رادەیەك بەربلاو بۆ دامەزراندنی ریکخراوەکانی چینایەتی و جەماوەری کریکاران لەنیو هەلسووراوانی ئەم بزووتنەوەیە لە ئارادایە، نە تەنیا ئەم ریکخراوانە مەجالی دریژەدان بە کار و پاشەکشە کردن بە هیرشی بورژوازی و بەشکست کیشانی سیاسەتەکانی دەولەت و سەرمایەدارانی ئیرانیان هەیە کە بتوانن بەشدارییەکی هەرچی بەربلاوتر لە کریکاران لەم هەلمەتە چینایەتییەدا دابین بکەن و بۆ وەدیهاتنی خواست و داواکاری کریکاران بە خەبات و دەخالەتی راستەوخۆی ئەوان لە بریاردان دا پشت ئەستور بن بەلکو لە بارودۆخی خەفەقانی کۆماری ئیسلامیدا و لە بارودۆخیك دا کە ئازادییە دیموکراتیکەکان کە پیویستی دریژەدان بە کاری ئەو ریکخراوانەن، نیە، بەشداری بەربلاوی کریکاران لە پروسەی پیکهینان و پاراستنی ئەو ریکخراوانە دەتوانی ئیدامەکاری ئەوان بەکردەوە بەسەر رژیمی کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێ. ئەگەر رژیمی کۆماری ئیسلامی و لیبرالیزمی بورژوازی ئیران بە پالپشتی ریفورمیزمی نێو بزووتنەوەی کریکاری کە تا دوێنێ تەبلیغی بۆ بەشداری کردن لە شورا ئیسلامییەکان دا دەکرد، لە هەول دایە تاکو ریکخراوگەلیك بە پیکهاتەی بروکراتیك کە لە سازان لەگەل سەرمایەداران بە دوای خواستەکانی کریکاران دا بچێ، پیك بێنن. پیشرەوانی رادیکال و سوسیالیستەکانی نیو بزووتنەوەی کریکاری پیکهینانی ریکخراوگەلیکیان ناوەتە دەستوری کاری خۆیان بۆ ئەوەی کە بتوانن دەخالەتی راستەوخۆ و بەربلاوی کریکاران لە تەسمیم گیرییەکان دا دابین بکەن و بۆ داسەپاندنی خواستی کریکاران بەسەر سەرمایەداران و دەولەت بە خەباتی خودی کریکاران پشت ئەستور بن. هەلسووراوانی سوسیالیستی نیو بزووتنەوەی کریکاری کە ناوەرۆکی سیاسەتەکان، ئامانج و ستراتیژی بورژوازی ئیران دەناسن، دەتوانن دەوریکی دیاری کەریان لە پیکهینانی ئەم ریکخراوانەدا هەبێ.

پیداچوونەوە بەسەر جیگا و شوینی بزووتنەوەی چەپ و بزووتنەوەی سوسیالیستی ئیران یەکیکیتر لە دەستور جەلەساتی کونگرە بوو. کونگرە لەم باسەدا بە سەرنج دان بە ئال وگۆری هەل ومەرجی سیاسی ئیران و ئەو راستییە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی ئیران سەرەرای جیاوازییەك کە هەیانە بەکردەوە لە بەرەیەکی چینایەتی هاوبەش بۆ شکل دان بە بەدیلی دلخوازی خۆیان هەول دەدەن، بەرنامە عەمەلی حیزبی لە دوو بواردا بە جیاواز وەبیر هینایەوە.

سەرەتا لەسەر پیویستی هاوکاری، هاوئاهەنگی، ئیتحادی عەمەل و پیکهینانی بەرەی سیاسی چەپ لە ئیران جەختی کرد. ئەم راستییە کە بزووتنەوەی چەپی ئیران سەرەرای پیگەیەکی کۆمەلایەتی کە هەیەتی نەیتوانیوە بە رادەی هیزیك کە هەیەتی لە سەحنەی سیاسی ئیران دا دەور بگێرێ، هەولی بەکردەوە بۆ پیکهینانی هاوکارییەکی بەربلاوی سیاسی و پیکهینانی بەرەیەکی سیاسی لە تویژی چەپی رادیکالی کردووە بە پیویستییەك. بە پیکهینان و هەلسورانی ئاوا بەرەیەك جیگا و شوین و کاریگەرییەکانی هەلسورانی چەپی ئیران لەسەر ئەو رەوتانەی کە لە ئارادان لە کۆمەلگادا دەتوانی زۆر بەرچاوتر لەوە بێ کە تا ئیستا رەنگی داوەتەوە.

پیکهاتنی بەرەیەکی سیاسی چەپ لەنیوان ئەم تویژە لەسەر ئەساسی خالە هاوبەشەکان لە ئارمانەکان و ئامانجی گشتی، بەرنامە و خەت و ریباز و سیاسەتی بەکردەوە، ئیمکانی هەیە. هاوکاری ئیمە لەگەل ژمارەیەك لەو ریکخراوانەی لە یەکیتی هەلسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست لە ئارادایە لەسەر ئاوا تێگەیشتنێك دامەزراوە. ئەم تویژە چەپە لەم پیناوەدا سەرەرای جیاوازییەکانیان دەتوانن لەسەر تەوەرەی بەهیز کردنی خەباتی کریکاران و بزووتنەوەی جەماوەری لە ئیران هاوکارییە بەربلاوە سیاسییەکانی ریك بخات و بەرەوپێشی بەرێ. ئەمجۆرە یەکیتی بەکردەوەیە دەتوانی یارمەتی بە بەشداری سیاسی و بەهیزی چەپ بکات لە ناوەوە و دەرەوەی ولات، دەتوانی کاریگەری هەبێ لەسەر هاوسەنگی هیزی چینایەتی بە قازانجی بەرەی کریکاران و رەوتی سوسیالیستی کریکاری بۆ پیداگرتن لەسەر ئامانجە چینایەتی و ستراتیژییەکانی بخاتە هەل و مەرجیکی باشترەوە.

بەلام ئەگەر رەوتی هەل و مەرجی سیاسی لە ئیران و پیویستی گۆرینی هاوسەنگی هیز لە بەرژەوەندی بەرەی رادیکال و چەپ لە کۆمەلگادا، هەولدان بۆ پیکهینانی بەرەیەکی بەهیزی سیاسی چەپی کردووە بە پیویستییەکی سیاسی دەست بەجێ، لەلایەکیترەوە جیگاوشوینی ئیستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئیران و بارودۆخی نوێی خەباتی چینایەتی و ئەو ئەرکە سەخت و دژوار و جۆراوجۆرانەی کە خەبات بۆ وەدیهاتنی شۆرشیکی کریکاری و سوسیالیستی لە دەستوری کاری کۆمۆنیستەکانی داناوە، هەولدان بۆ پیکهینانی هاوپشتی لەریزی کۆمۆنیستەکانی ئیرانی ناوەتە بەردەم ئیمە. کۆنگرە لەم پەیوەندییەدا نەبوونی ستراتیژیکی سیاسی هاوبەش کە ئاشکرای بکات کام هیزی کۆمەلایەتی و لە چ پروسەیەك دا بریارە رژیمی کۆماری ئیسلامی بروخینێ و شۆرشی کریکاری بە سەرکەوتن بگەیەنێ، ستراتیژیك کە لەسەر لیکدانەوەیەکی واقع بینانە لە هاوسەنگی هیزی چینایەتی و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان سەقامگیر بێ، بۆ ئەوەی هۆکاری پرژوبلاوی هیزەکانی نێو رەوتی سوسیالیزمی کریکاری ئیران بدۆزیتەوە. کۆنگرە بەهۆی ئەوەی کە لیکدانەوەی هاوبەش لە بارودۆخی ئیستای خەباتی چینایەتی وەك یەکیك لە پێش شەرتەکانی گەیشتن بە ستراتیژیکی هاوبەش زانی، موئەلەفەگەلیکی خۆی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بارودۆخی خەباتی چینایەتی ئیران، تەئکید کرد.

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بە بەشی خۆی بۆ یەکگرتو کردنی ریزی سەرجەم هیزەکان، کۆروکۆمەل و ئەو کەسایەتییانەی کە کاری خۆیان بەوە داناوە کە خزمەت بکەن بە ریکخراوبوونی کریکاران، رەخنەی سوسیالیستیانە لە بەدیلی لیبرالیزمی بورژوازی و بەربلاوتر کردنی ئاسۆی سوسیالیستی بەسەر بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و هاتنەدی شۆرشی کریکاری و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی سوسیالیستی، هەول دەدات.

هەر لەم پیناوەدا ئیمە بە مەبەستی قسەوباس و گۆرینەوەی بیرورا لەسەر گرینگترین مەسائیلی خەباتی چینایەتی و ئەو کەند و کۆسپ و گیروگرفتانەی کە لەسەر ریگای بەرەوپیش چوونی بزووتنەوەی کریکاری و سوسیالیستی دان گرتنی جەلەسات و سمینارگەلیکی هاوبەش لەگەل ئەم هیزانە دەخەینە دەستوری کاری خۆمانەوە. ئاشکرایە کە پیکهینانی هاوفکری سەبارەت بەم مەسائیلە بواری یەکگرتوویی بەکردەوە و هاوکاریگەلیکی چروپرتر و بەربلاوتر دەرەخسێنێ و لە ئاکام دا بوار بۆ تیك روخانی سنورەکان و کەند و کۆسپە تەشکیلاتییەکان و دابین کردنی یەکگرتویی بەربلاوتری کۆمۆنیستەکانی ئیران، دەرەخسێنێ.

کونگرە لە بەشی پێیراگەیشتن بە قەرار و بریارنامە پیشنیار کراوەکان، کولیەتی راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی بە کونگرە و کولیەتی ئەو بریارنامانەی کە لە پەیوەند لەگەل جیگاوشوینی بزووتنەوەی کریکاری و ریکخستنی ئەو و سەبارەت بە جیگاوشوینی بزووتنەوەی چەپ و سوسیالیستی و ئەرکەکانی ئیمە، بە کونگرە درابوون پەسەند کرد و وردتر کردنەوەی ئەوانی بەپیی باسەکانی کونگرە دایە دەست کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی خۆی.

هەروەها کونگرە دانی پەیام بە کریکاران، بنەمالەی گیانبەخت کردوانی ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، زیندانیانی سیاسی بە کومیتەی ناوەندی سپارد و بە پەسەند کردنی کۆمەلیك بریار بە مەبەستی باشتر بوونی هەلسوورانی حیزب، کۆمیتەی ناوەندی هەلبژارد.

کونگرە لەنیو ئەندامانی خۆی ١١ کەسی وەك ئەندامانی ئەسلی و ٣ کەسی وەك ئەندامانی جیگری کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەلبژارد کە بریتین لە: روناکی ئاشناگەر، هەلمەتی ئەحمەدیان، حەسەنی رەحمان پەنا، بەهرامی رەحمانی، رەشیدی رەزاقی، فەرهادی شەعبانی، ئیبراهیمی عەلیزادە، مەحمودی قارەمانی، جەلالی محەممەد نژاد، سەلاحی مازوجی و رەحمانی نەجات ئەندامانی ئەسلی و هاورێیان شەمسی خورەمی، ئیسماعیلی قارەمانی و سروەی ناسری ئەندامانی جیگر.

بەپیی یەکیك لە پەسەند کراوەکانی کونگرە راپۆرتی سیاسی و بریارنامە پەسەند کراوەکان بۆ ئاگاداری هەموان چاپ و بلاو دەکریتەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی**
**حیزبی کۆمۆنیستی**
**ئێران**
**پووشپەری ١٣٨٣**
**(ئوتی ٢٠٠٤)**

## پاشماوەی هەلس و کەوتی پولیس ترکیە...

خەبات بکەن یان نارەزایەتی دەربڕن وە هەر کاتیك کە پێی خۆش بوو دەتوانی ئەوان دیپورت بکاتەوە و لە سات و سەودا نهینیەکانی خۆی لەگەل ئیران ئەوان بکاتە وەسیقەی فێل و پیلانەکانی. بە پێی لەقاودانی روژنامەی تورکی زمانی " ئوزگور پولیتیکا " هەئیەتە ئەمنیەتەکانی ئیران و تورکیە لە دیداری ئەم دواییانەی خۆیاندا، یەکیك لەو مەسەلانەی کە باسیان لێ کردووە موزاکرە و موعامەلەی ئەوان لەسەر ردەکردنەوەی پەنابەرە کوردە ئیرانیەکان لە چوارچیوەی هاوکارییە ئەمنیەتی و سات و سەودا چەند لایەنەکانیان لە رۆژهەلاتی ناوەرست دابووە.

ئەم پەنابەرانە رۆژانە لە لایەن پولیسی تورکیەوە، دەپشکێندرین و بازجویی دەکرین و دەکەونە ژێر زەختەوە. ئەوانیان مەجبور کردووە کە لە مالەوەدا زیندانی بن و دەفتەری حازروغایب کردنی پولیس ئیمزا بکەن و ئەگەر چکولەترین نارەزایەتی دەربڕن موحاکمە و بازجویی دەکرین. لەماوەی ئەم دوو حەفتەیەی لە شارە جۆرواجۆرەکانی وەك ئیسکی شەهیر، چانکری و قارەمان شار، چەند جار ئەو پەنابەرانەیان بە کۆمەلْ دەستگیر کردووە و هەرەشەیان لێ کردوون کە ئەگەر هەزینەی ئیقامەتی کاتییان نەدەن، بۆ ئیران دێپورت دەکرینەوە. وەزارەتی کشوەری تورکیە پەنابەرانی مەجبور کردووە کە هەزینەی ئیقامەتی کاتییان پێ بدەن وەلە هەر یەك کەس ٣٠٠ دولار و لە هەر بنەمالەی ٤کەسی ١٠٠٠ دولار پوولْ وەردەگری.

هەرەشە و گوشارەکانی پولیس و مەقامە ئەمنیەتییەکانی تورکیە، بۆتە هۆی ترسان و توقانی هەمیشەیی پەنابەران لە چارەنوسی نەزانراویان و لە دیپورت کردنەوەی بۆ ئیران و بۆ حکومەتێك کە سەرتاپای کۆمەلْگای ئیرانی لە دیکتاتوری و خەفەقان دا نوقم کردووە. هەلْس و کەوتی نامروڤانەی پولیسی تورکیە، بۆتە هۆی نیگەرانی و ترس و هەل و مەرجیکی روحی نالەبار بۆ پەنابەران و بنەمالەکانیان. ئەوەش یەکەم جار نییە کە پولیسی تورکیە چارەنوسی پەنابەران دەکاتە وەسیقەی سات و سەوداکانی لەگەلْ دەولەتی ئیران و پەنابەران ئازار دەدات و دەیانپشکنێ و دیپورتیان دەکاتەوە.

مەحکوم کردنی هەلس و کەوتی وەحشیانەی پولیسی تورکیە و دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەو ولاتە و بیدەنگی و بێ مەسئولیەتی کومیساریای عالی پەنابەرانی ریکخراوەی نەتەوەکان لە بەرانبەر چارەنوسی ئەو پەنابەرانە، ئەرکی هەموو ئینسانە ئازادیخواز و بەشەر دوستەکانە و دەبی هەمومان رق و بیزاری خۆمان لە کردەوە دژی ئینسانیەکانی پولیسی تورکیە بە گویی ڕای گشتی خەلکی جیهان بگەیەنین.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات لەگەل کومیساریای عالی پەنابەران

دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات لە نامەیەك دا داوای لە کومیساریای عالی پەنابەرانی ریکخراوی نەتەوەکان لە شاری ژنێڤ کرد تا لە چاوپیکەوتنیکی رەسمی دا وتووێژ بکریت لەسەر هەل و مەرجی نالەباری پەنابەرانی کورد و ئیرانی لە تورکیە، کومیساریای عالی پەنابەران وەلامی موسبەتی بە داخوازی دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەلەی لە دەرەوەی دایەوە.

لەم چاوپیکەوتنەدا چوارکەس لە بەرپرسانی کۆمیساریای عالی ریکخراوی نەتەوەکان کە بریتی بوون لە: بەرپرسی بەشی ئوروپایی un، بەرپرسی بەشی تورکیە، بەرپرسی بەشی ئیران و بەرپرسی بەشی عیراقی ئەو ریکخراوەیە، لەلایەن نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولاتەوە دووکەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە هاورێیان شەهلا حەیدەری و جەلالی محەممەد نژاد بەشداریيان کرد.

لەم دانیشتنەدا لەلایەن هەیئەتی نوینەرایەتی کۆمەلەوە بە چروپری هەل و مەرجی پەنابەرانی دانیشتوی تورکیە خرایە بەردەم ئەم هەیئەتە و تەئکید لەسەر ئەوە کرایەوە کە زۆربەی ئەم پەنابەرانە لە هەلسوراوانی سیاسی و ئەندامان و لایەنگرانی ریکخراوە کورد و ئیرانییەکانی نیو ئوپوزیسیون و لە بارودۆخیکی پر لە مەترسی و دژواردا بەسەر دەبەن.

## ژنانی کرێکار لە کورەخانەکانی ئێران دوجار دەچەوسێنەوە

بارودۆخی ژنانی کریکار لە کورەخانەکانی ئیران لە هەلسەنگاندن لەگەل پیاوان زۆر نالەبارترە، ژنان لە کورەخانەکان شان بەشانی پیاوان کار دەکەن و هاوکات لەگەل کاری ناو مەیدان دەبی غەزا دروست کەن و مندال بەخێو کەن و ئەرکی پاك و خاوین کردنی مالیش هەر لە ئەستۆی ژنانە. بەلام حەقدەستیکیان پێنادری و هیچ مافیکیشیان بەرەسمی ناناسرێ.

بەم حالەشەوە بەهۆی سیستمی داریژراو و داسەپێنراوی پیاومەزنی لە کۆمەلگای ئیران دا، باس کردن لە ئێش و ئازار و ماندوو بوون بۆ ژنان نەنگە و هەرگیز نابیت هیچ چەشنە نارەزایەتیەك لەلایەن ژنانەوە بکردرێ.

ژنانی کریکار لە کورەخانەکان، هەروەك تەواوی مرۆڤە زەحمەتکیشەکان دەبی ریزیان لێ بگیری و مافەکانیان بە رەسمی بناسرێ. ژنانی کریکار لە کورەخانەکان نابی هەرگیز مل بۆ ژیر دەستە بوون و عاجز بوون دانەوینن. بەلکو دەبیت بۆ وەدی هینانی مافەکانی خۆیان هەر لەم شوینە هەنگاو بنین و لە نارەزایەتی بە بارۆدۆخی ژیانی خۆیان ئەوە بە هەموان بسەلمینن کە ئەوانیش ماف و حقوقی خۆیانیان هەیە.

## بەرپرسانی رژیم هۆی سەرەکی پەرە پێدانی ئیعتیاد لە شاری شنۆ

ئیعتیاد یەکیك لە سەرەکیترین گیروگرفتەکانی ئەمرۆی کۆمەلگای ئیرانە. چونە سەرەوەی رۆژ لەگەل رۆژی ریژەی موعتادەکان و هەروەها هەوالی هەموو رۆژەی مردنی موعتادەکان بوەتە یەکیك لە پرمەترسیدارترین گرفتەکانی کۆمەلگای ئیران.

ماوەیەك لەمەوبەر لاویکی ٢٥ سال تەمەن خەلکی شاری شنۆ بە نیوی "کەریم باشرافەت" بەهۆی تەزریقی مەوادی موخەدیر گیانی لەدەست داوە. بەرپرسانی رژیم لە شاری شنۆ وەکوو هۆی سەرەکی بلاو بوونەوەی مەوادی موخەدیر لە ئەم شارە لەلایەن خەلکەوە دەناسرین بە جۆریك کە دەست تێوەردانی بەرپرسانی رژیم لە بلاو بوونەوەی موخەدیر بوەتە هۆی ئەوەی کە قیمەتی ئەم مەوادە تەنانەت لە سیگاریش هەرزان تر بیت. تا ئیستا خەلکی شاری شنۆ بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە پەرەسەندن و مەسرەفی بەربلاوی مەوادی موخەدیر لەم شارە چونەتە لای شورای شار و ناوەندەکانیتری دەولەتی و خوازیاری چارەسەر کردنی ئەم گرفتە کۆمەلایەتیە لە شاری شنۆ بوون، بەلام بەرپرسانی رژیم تا ئیستا هیچ هەنگاویکیان لەم بوارەدا هەل نەهیناوەتەوە و تەنانەت خۆی پەرەپێدەری ئەم مەوادە مال ویرانکەرەیە.

## پەیامی کونگرەی یازدەی کۆمەلە بۆ زیندانیانی سیاسی

هاورێیانی زیندانی شۆرشگێر و کۆمۆنیست!

لە کونگرەی یازدەی کۆمەلەوە سلاویکی گەرم و گۆرتان پیشکەش دەکەین و زۆر بە گەرمی دەستتان دەگوشین. سلاو بۆ خۆراگری و پایەداریتان. بەخۆشیەوە پیتان رادەگەیەنین کە کونگرەی یازدەی کۆمەلە لە کەش و هەوایەکی سەمیمانە و گەرم و گۆردا بەرگوزار بوو. جیی ئیوە و هاورێیانی گیانبەخت کردوومان لەو کونگرەدا خالی بوو. دیارە هەول دراوە و هەول دەدرێ کە ئەو بوشاییە بە هیمەتی هەموو هاورێیانی کۆمەلە چ لە بەشی تەشکیلاتی عەلەنی و چ لە بەشی نەهینیدا پڕ کریتەوە.

کونگرە بە شەش رۆژ کاری پڕ بە پڕ لەسەر گرینگ ترین مەسائلی سیاسی ئیران و کوردستان و مەسەلەکانی مەربونت بە ژیان و خەباتی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش قسە وباس و لیکدانەوەی بوو و بە نەتیجە و ئاکامی باش گەیشت. کونگرە وەك هەمیشە لەسەر ئازادی بێقەید و شەرتی هەلسوورانی سیاسی و ئازادی فەوری زیندانیان سیاسی پیی داگرتەوە. بەلای کونگرەوە روون و ئاشکرا بوو کە خەباتی ئیوەش لە کونجی زیندان دا بوەتە هۆی بەرزتر راگرتنی ئالای سووری خەباتی چینایەتی. ئیوە هاندەر و یاریدەدەری تیکۆشەرانی دیکە بوون لە شیلگیری و سووربون لە ریی خەبات و تیکۆشان دا.

ئاگادارن کە ئیران لەژیر حاکمیەتی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە زیندانیکی گەورە بۆ خەلکی ئیران. راستە جەستەی ئیوەی ئازیز بە بەند کیشراوە و کەوتوەتە ژیر ئەشکەنجەی ئیسلامی لە سیاچالەکانی ئەم رژیمە کۆنەپەرەستەی سەرمایەدا، بەلام لە دەرەوەی سیاچالەکانی ئاشکرا و نادیاری ئەم رژیمە دژی بەشەریەش بیر وباوەر و زمان و قەلەم، جستە و فیکری ئینسانەکانی بە بەند کیشراوە و خراوەتە زیندانەوە. هەرچەشنە ئازادییەك لە ئینسان قەدەغە کراوە و تەنانەت ژیانی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیشیش لە بەر بیکاری و نەداری لە مەترسی دایە.

هاورێیان! گەرچی رژیمی ئیسلامی لە ترسی کەلام و کردەوەی شورشگیرانەتان ئەمرۆ زیندانی بەسەر ئیوەدا سەپاندووە، بەلام دلنیابن جیگای ئیوە دلی میلیونها ئینسانی کۆمۆنیست و ئازادیخوازە.

هەر بژین بە شادی و سەربەرزی بۆ دریژەی خەبات لە ریگای ئازادی و سوسیالیزم دا.

کونگرەی یازدەهەمی کۆمەلە ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
گەلاوێژی ١٣٨٣

## پەیامی کونگرەی یازدەی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەخت کردوانی کۆمەڵە

ئازیزان، بنەمالەی سەربەرزی گیانبەخت کردوانی کۆمەلە!

سلاویکی گەرم و پر لە خۆشەویستی بۆ ئیوەی بەریز. بە خۆشیەوە پیتان رادەگەیەنین کە لە دریژەی ریگای پر لە شانازی ئەو ئازیزانەمان کە گیانیان لە پیناوی ئامانجی بەرزی رزگاری بەشەر و نەمانی چەوسانەوەی ئینسان بەخت کرد، کونگرەی یازدەی کۆمەلە لە مانگی گەلاویژی ئەمسال دا بەرپا بوو و سەرکەوتوانە دوایی هات.

لە سەرەتای ئەم کونگرەشدا وەك هەموو کونگرەکانی دیکە بە راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی یاد و خاترەی ئەو ئازیزانەمان هیناوە ناو کونگرە و ریزی خۆمان، ئەمە بوو بە مایەی تین و تەوژمی زیاتر بۆ دریژەدان بە ریگایان. ئەو ئازیزانەمان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی ئازاد کە تێیدا ژیانیکی بەرابەر بۆ ئینسانی مسۆگەر بیت، بەوپەری لەخۆبردوییی بەگژ رژیمیکی هار و درندەدا چوون و پر بەهاترین سەرمایەی ژیانیان بەخت کرد. ئەم ئازیزانە نوریك بوون کە لە تاریکی نیزامی جەهل و خورافەی ئیسلامی سەرمایەدا درەوشان و ریگەی خەبات وتیکۆشانیان بۆ ئیمە و نەوەی داهاتوو روون کردەوە. هەر رۆژیك کە لە عومری پر نەکبەتی کۆماری ئیسلامی تیپەر دەبی حەقانیەتی ریگەی خەباتی ئازیزانی گیانبەخت کردوو بۆ جەماوەریکی بەرین تر لە خەلکی ستەم لیکراو روون دەبیتەوە و یاد و خاترە و خۆشەویستی و سۆز و ئیحترامی زۆرتر بۆ ئەوان لە دلی جەماوەردا جێ دەگرێ.

هەرچەند ئەمرۆ ئەو خۆشەویستانە لە داوینی گەرمی ئیوە و لە ریزی ئیمەدا نین بەلام ئاوات ئینسانی و شەریفەکانیان لە دلی میلیونها کەس لە خەلکی کریکار و زەحمەتکیش و پیشکەوتووخواز دا زیندوە و سەری تەعزیمیان لە بەرابەر دا دادەنەوێنن. کونگرەی یازدەی کۆمەلە دلنیاتان دەکا کە هاوسەنگەرانی ئەو ئازیزانە ریگەی پر لە شانازییان ون ناکەن و هەتا نەمانی زولم و چەوسانەوە و بەدی هینانی دنیایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا عیزەت و کەرامەتی ئینسان پیشیل ناکری و چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان کوتایی دێت، دریژە بە خەباتیان دەدەن و بەگژ هەر شیوەیەك لە نیزامی دژی بەشەری سەرمایەداریدا دەچن. بە هیوای بەدی هاتنی ئەم ئاواتە کە سوکنایی دلی ئیوەش دەدا.

بەرز و بەریز بێ یادی ئازیز و خۆشەویستی گیانبەخت کردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم

کونگرەی یازدەهەمی کۆمەلە ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
گەلاویژی ١٣٨٣

# پرسیار له پێشڕەو

کاک ئاسۆ ئەحمەد خوێنەری پێشرەو دەپرسێ:

***بۆچی، دوای پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، ناوی کۆمەلە هەروا مایەوە؟***

کاک ئاسۆی بەریز! ئەندامانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە سالی ١٩٨٣ واتە ٢١ سال لەمەوبەر، دوای ئەوەی کە کۆمەلە رایگەیاند بەم ریکخراوە تازەیە، واتە بە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پەیوەست دەبێ، بریاریان دا ناوی کۆمەلە هەروا لەسەر ریکخراوی کوردستانی حیزب بمێنێتەوە. بۆ ناسینی زەمینە و هۆکاری ئەو بریارە پیویستە تۆزیك بگەرینەوە دواتر و دوای ئاشکرا بوونی هەلسوورانی کۆمەلە لە سالی ١٩٧٩، لەو کاتەدا کە سەرتاسەری ئیران و کوردستان لە جەرگەی شورشیکی بەرینی دژ بە رژیمی شادا هەژابوو کۆمەلە دوای ٩ سال خەباتی نەهینی فورسەتی ئەوەی پەیدا کرد کە ببێ بە بەشیکی جیا نەکراوە لە بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری لەدژی رژیمی دیکتاتوری پەهلەوی و بە شوینیدا بزووتنەوەیەکی بەرینی موقاومەت بەرانبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی، جەماوەری بوونی ئەو خەباتە و بە تایبەت ئەو کاتەی کە لە ئاستیکی کەم وینەدا لەدژی رژیمی ئیسلامی پەرەی سەند، جیگا و شوینیکی تایبەتی بە کۆمەلە بەخشی.

لە راستیدا کۆمەلە ببوو بە ئامرازیکی کار لێ هاتوو و کاریگەر بۆ بەرەوپیش بردنی ئەو بزووتنەوەیە. کۆمەلە ئیتر نەك تەنیا ناوی ریکخراویك بەلکوو لە هەمان کات دا بالی چەپی خەباتی جەماوەری بوو.

واتە کۆمەلە هەر ناویك نەبوو بۆ ریکخراویك، بەلکوو ئامرازیکی رادیکالی خەباتی جەماوەری لەدژی رژیمی ئیسلامیش بوو. بریاردان لەسەر گۆرینی ناوی ریکخراویك کە وەها دەوریك دەبینێ هەر بە تەنیا لە کونگرەیەکی ریکخراوەییدا نەدەکرا، ئەو ناوە تیکەلاوی ویست و ئاواتەکانی خەلکی هەژار و چەوساوەی کوردستان ببوو. لەژیر ئالا و ریبازی ئەو ریکخراوەیەدا سەدان حەماسەی شکۆدار لە خەباتی سیاسی و پیشمەرگانە خولقابوو و لە راستیدا، کۆمەلە لە ریکخراوەیەکەوە ببوو بە بزووتنەوەیەك، بزووتنەوەیەکی شۆرشگیرانە لە کوردستان، بزووتنەوەیەك کە ئاسۆی سەرکەوتنی کۆمەلگایەکی یەکسان و تێر و تەسەل بوو، کە بە هیزی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش بونیات بندرێ. راگرتنی ناوی کۆمەلە نیشانەی ئەوپەری بەلین داری حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بوو بە خەبات لەپیناوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی خەلکی کوردستان، خۆشەویستی کۆمەلە لە کوردستان و ئەوەی کە ئەو ناوە، ببوو بە ئالای سوری خەباتی خەلکی چەوساوە و ستەم لیکراو، وای کرد کە کونگرەی دامەزرینەر چالاکی بەشی کوردستانی، حیزب هەر لەژیر ئەو ناوەدا بەریوە بەریت. ئەوە بریاریك بوو لەپیناوی خەباتی هەلسوراوانەتر و لێ براوانەتر لە کوردستان و لەپیناوی پاراستن و بەهیزتر کردنی پەیوەندی بەرەی رادیکال و شۆرشگیری خەبات لە کوردستان، لەگەل جەماوەر.

بەلام هاوریێ بەرێز، کۆمەلە تەنیا یەك ناو نیە، کۆمەلە ریبازیکی سیاسی دیاری کراویشە و ئەمرۆکە بۆ جەماوەری خەلکی کوردستان ناوەکەی و ریبازە سیاسیەکەی، وەکوو ناو و ناوەرۆك هەردووکیان خۆشەویست و رێ نیشاندەرن و پیویستە بپارێزرێن.

# هەواڵەکانی کوردستان و ئێران

## ٢٥ کرێکاری‌تر له سەدی گاوشانی کامیاران دەردەکرێن

بەپێی هەوالیك لە سەدی گاوشانەوە لە دریژەی دەرکردنی کریکارانی کارگاکانی ئەم سەدە، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا ٢٥ کریکاری‌تر لە سەرکار دەرکران. شایانی باسە کە ئەمە چوارەمین شەپۆلی دەرکردنی کریکارانی ئەم ناوەندەیە کە پیشووتریش ٤٢ کریکاری‌تر لەسەر کار دەرکران. ئەم کریکارانە لە حالیك دا لە سەرکار دەردەکرین کە هیچ جۆرە مەزایایەکی کاری‌یان وەکو بیمەی بیکاری و هی‌تر پێنادرێ.

## خاوەنکاران حەقی بیمەی بێکاری کرێکارانی کورەخانەکان نادەن

کریکارانی کورەخانەکانی سەراسەری ئیران هەموو سالێ بەر لە دەست پێکردنی کارەکەیان و لە سەرەتای تۆمار کردنی قەراردادی کار ٧ دەرسەدی کۆی حەقدەستەکانیان بۆ دابین کردنی حەقی بیمەی بیکاری لێ دەگیرنەوە. بەلام هیچ پیشینەیەك بۆ بیمەی بیکاری ئەم کریکارانە لەلایەن ریکخراوی تەئمینی کۆمەلایەتی‌یەوە لە بەرچاو ناگیریت. ئەمەش دەگەریتەوە سەر ئەوەی کە زۆربەی ئەم کریکارانە بە شیوەی قەراردادی کاتی و وەرزی کار دەکەن، کە ئەمەش ماوەیەکی کورتە و بە قازانجی خاوەنکاران تەواو دەبیت و لە ئاکام دا ئەم ٧ دەرسەدە هەر بۆ خاوەنکاران دەبیت و ئەم کریکارانەش لە هیچ بیمەیەك بەهرەمەند نابن و ناتوانن بە شیوەی یاسایی هیچ چەشنە شیکایەتیك بکەن چونکە خاوەنکاران و ئیدارەی تەئمینی کۆمەلایەتی هەموو دەرگاکانیان لێ داخستون.

## ئەگەری بێکار کرانی ١٨٠ کرێکاری زانکۆی ورمێ

بە بیانوی بێئەساس و ولام نەدانەوەی بەرپرسانی زانکوی ورمێ بە کریکاران ئەگەری بیکار کرانی ١٨٠ کریکاری ئەو زانکویە بوەتە هۆی نیگەرانی کریکاران. بەرپرسانی ئەم زانکویە بەلینی دووپات کردنەوەی قەراردادی تازەیان بە کریکاران داوە، بەلام کریکاران رایانگەیاندووە کە بروایان بە بەلینی بەرپرسان نیە و لە بەردەم مەترسی بیکار کرانی یەکجاری دان. لەماوەی ٢ مانگی رابردوودا ١٥٠ کریکاری‌تری ئەم زانکۆیە لە سەرکار دەرکران.

## بارودۆخی نالەباری دەست فرۆشانی شاری سنە

لە ئوستانی کوردستان و بە تایبەت شاری سنە، بەهۆی نەبوونی کارخانە و ناوەندەکانی‌تری سەنعەتی و بەرهەم هینەر و نەبوونی دەرفەتی کاری و شوغلی بۆ لاوان و بیکارانی ئەم شارە بەشێکی زۆر لەم بیکارانە رو دەکەنەوە کاری لاوەکی وەك دەست فرۆشی و میوەفرۆشتن لە مەیدانەکانی شاری سنە.

لەم بەینەدا دەست فرۆشانی مەیدانەکانی شاری سنە کە ژمارەیان نزیك بە ٨٠٠ کەس دەبیت لە کوچە و شەقامەکانی شار و جارجاریش لە پیادە رەوەکانی ئەم شوینە بە شیوەیەکی زۆر نالەبار لە بواری بیهداشتی و نەبوونی ئەمنیەت سەرقالی کاسبین و بەردەوام لەلایەن هیزەکانی ئینتزامی و بەکریگیراوانی شارەداری دەدرینە بەر ئازار و ئەزیەت وە ئەگەر مقاومەتیکیش بکەن دەستگیر دەکرین و کەل و پەلەکەیان دەستی بەسەردا دەگیرێ.

## هەل ومەرجی نالەباری ئیمکاناتی وەرزشی له شاری سنە

ئیمکاناتی وەرزشی لە شاری سنە زۆر کەمە و ئەوە دەرفەتی کەلك وەرگرتنی لاوانی ئەم شارەی لەم ئیمکاناتە بە شیوەیەکی بەرچاو هیناوەتە خوارەوە.

تەرخان نەکردنی هەزینەی پیویست، واگوزاری سالونە وەرزشیەکان بە بەشی خسوسی، قەرزدار بوونی سالونە وەرزشیەکان و قەتع بوونی ئاو و بەرق، کۆن بوونی سالونەکان، هۆکارەکانی ئەوەن کە لاوان بە تایبەت مندالانی چینی کریکار و زەحمەتکیش نەتوانن لە ئیمکاناتی وەرزشی کەلك وەربگرن. ئەو برە بودجەیەش کە بۆ وەرزشی کوردستان دابین دەکریت بەهۆی نەبوونی مودیریەتی کارزان دەچیتە گیرفانی بەرپرسانی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی ئەو شارە و هیچ بەرەوپیش چونیك لە وەرزشی ئەو شارە بە چاو نابیندریت. چەندجار لاوانی شاری سنە بۆ پێراگەیشتن بەو هەل و مەرجە چونەتە لای بەرپرسانی رژیم بەلام هیچ کات وەلامی شیاو و گونجاویان وەرنەگرتووە.

## دەوری تازەی خۆنواندنی هێزەکانی ئیتلاعاتی رژیم له شاری سنە

بە دوای دەست پێکردنی دەوریکی تازە لە هەلسورانی تەبلیغی، نوسینی دروشم و بلاوکردنەوەی تراکت و نوسراوە لەلایەن هەلسووراوانی سیاسی لە شاری سنە، هیزەکانی ئیتلاعاتی رژیم لەو شارە دەستیان داوەتە هیز نواندن.

بەپیی هەوالی گەیشتوو لە شاری سنەوە هیزەکانی ئیتلاعات بە شیوەیەکی بەردەوام لە شوینە گشتی‌یەکانی وەکوو کیوی ئاویەر و بە تایبەت لە رۆژانی هەینی بە شیوەیەکی حەشاردراو هاتووچۆی خەلك و لاوان بۆ ئەو شوینانە دەخەنە ژیر چاوەدیری و دەست دەدەنە لێ پرسینەوەی کەسانیك کە هاتووچۆی ئەم شوینانە دەکەن. هەروەها لە چەند کردەوەی جیاوازدا هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم دەستیان داوەتە هەرەشە کردن لە لاوانیك کە دەچنە کیوی ئاویەر و بە هیز نواندنی خۆیان دەیانهەویت فەزای ترس لەم ناوچەیە داسەپینن.

## راپۆرتێك له هەل ومەرجی نالەباری کرێکارانی بەشی خزمەت گوزاری له شاری سنە

بەشیکی بەرچاو لە کریکارانی شاری سنە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی خزمەت گوزاری خەریکی کارن. زۆربەی ئەم کریکارانە بەهۆی بیکاری و هەژاری بە قەبول کردنی هەل و مەرجی تال و نالەباری کار لەم بەشانە و لە ترسی بیکار بوون ناتوانن بەرانبەر خاوەنکاران راوەستن و داوای مافەکانیان بکەن.

یەکیك لەم بەشانە ریستورانی "دیدگای" شاری سنەیە. لەم ریستورانە ١٠ کریکار خەریکی کارن و بەرپرسی ئەو شوینە کەسیکە بە ناوی "ئیبراهیمی سەلواتی" کە یەکیك لە دەست و پەیوەندەکانی دەزگای ئیتلاعاتی رژیمی ئیسلامیە. خاوەنکاری ئەم شوینە چەند سال بە بەلینی درۆ ١٠ ئینسانی هەژار و دەرد چیشتوی لە هەل و مەرجیکی دژی ئینسانی‌دا راگرتووە و کاریان لێ دەکیشیتەوە و کریکاران لە مەترسی بیکار بوون دا ناچار بە قەبولی ئەم کردەوە دژی ئینسانیەن.

لەماوەی ١٠ سالی رابردوودا خاوەنکاری ئەم ریستورانە تەنیا ٢٠ دەرسەدی حەقدەستی ئەم کریکارانەی پێیان داوە. ئەمە لە حالیکدایە کە بە شیوەی بەرنامە داریژراو ئەم کریکارانە هەر رۆژ ١٦ سەعات کار دەکەن. جیا لەم هەل و مەرجە ئیبراهیمی سەلواتی کریکارانی لە مەزایایەك وەکو ماڤی پاداش، حەقدەستی هات و چۆ، هەزینەی لیباس و هەروەها جیژنانە بێبەش کردووە.

لەماوەی حەوتوی رابردودا کریکارانی ئەم ریستورانە داوای ٨٠ دەرسەدی ماڤی رەوای وەدوا کەوتوی سالانی رابردووی خۆیان دەکەن. هەروەها داوای دانی هەزینەی ماڤی پاداش، هات و چۆ، لیباسی کار و ماڤی نەدراوی سالانی رابردوویان دەکەن، هەر بۆیە "ئیبراهیمی سەلواتی" هەرەشەی دەرکردن لە کریکاران دەکات و رادەگەیەنیت کە حازر نیە بە هیچ شیوەیەك ماڤی رەوای کریکارانیان پێ بدات. لە نارەزایەتی بەم ولامە نارەوایەی خاوەنکار ٤ کەس لە کریکاران دەست لە کار دەکێشنەوە و لە ئیبراهیمی سەلواتی شیکایەت دەکەن بەلام بەو بۆنەوە کە رژیم پشتیوانی سەرمایەدارانە و ئیبراهیمی سەلواتیش یەکیك لە دەست و پیوەندەکانی ئیتلاعاتی رژیمە شیکایەتی کریکاران بێوەلام ماوەتەوە.

## کوژرانی کچێك و ژنێك به دەستی ئەندامانی بنەماڵەکەیان له ئاوایی‌یەکانی شاری پاوە

رۆژی سێشەممە ٣٠ی پووشپەر لە ئاوایی "دوریسان" لە نزیکی شاری پاوە پیاویك کچیکی ٢٠ سال تەمەنی خۆی دەکوژیت و دوو مندالی‌تریشی بریندار دەکات. هۆکاری ئەم جینایەتە ئەوە بووە کە کچەکەی حازر نەبووە کە لەگەل پیاوی دەست نیشان کراوی باوکی ئیزدواج بکات. هەر بۆیە باوکی ئەو کچە بە ئەسلەحەی شەخسی تەقە لە کچەکەی دەکات و لە ئاکامدا کچی بێتاوان دەکوژریت و دوو مندالی‌تری ئەو پیاوە بریندار دەبن.

هەر ئەو رۆژە لە ناوچەی پاوە و لە ئاوایی "دەرەبیان" پیاویك کە دەیهەویت هاوسەرەکەی کە تەلاقی سەندبو بە زۆر بیباتەوە بۆ مالی خۆی لەگەل راوەستاوی خەسوی بەرەوروو دەبیت و لە ئاکام دا تەقە لە خەسوی دەکات و دەیکوژیت.

## پاشماوەی لاپەرەی ٧

لەگەل فەرانسە کە سەردەمانیک لەلایەن دەولەتی پروس و زۆریك لە ریبەرانی زیندانی کراوە و پشتیوانی لیٚ دەکرا، چەندین کۆبوونەوەی کرد و راگەیاندنیان دایە دەر. تەنیا نوینەرانی ئەوان لە "رایشتاگ"ی ئالمان بو کە وێرایان دژایەتی خۆیان لەگەل پەیوەست بوونی زۆرەملی پاریزگاکانی فەرانسە دەربرن. هەرچەند کە بیسمارك سیاسەتەکانی بە زەبری زۆر بەرەوپیش برد و خەلك لە لیزانی بیسمارك دەدوان. ئەو شەرە، شەر بوو کاتیك کە ئەو نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بینی، بیروکە سەرەتاییەکانی دەربری و دەری خست کە روخاوە. ئیتر جیگای باوەری خەلك نەبوو. خەلك بوونی ئەو لەدەست دەدەن. ئەو و دەولەتی ئالمان پیویستییان بە پارە هەیە. ناوبراو لەژیر ناوی یاسای بنەرەتی بۆ ئەرتەش و تەرحەکانی بە روالەت یەکیتییانە زەریبەی خستە سەر خەلك و لەژیر ئەو یاسایەوە ئیتر زۆرتر لەوە نەیدەتوانی زەریبە وەرگریٚ، ئیستا ئەو بەبیٚ یاسا بە شوین وەرگرتنی زەریبەوەیە. بەم هۆیە ئەو رۆحی سوسیالیزمی هەلداوە و بۆ پیکهینانی یەکیتی گەورە هەر کاریك کە لە دەستی بیٚ بەریوەی دەبات.

تا ئیستاش لە بێرلینەوە پرس و راتان پیٚ دەگات؟

ئەو ووتی: بەلی هاوریٚیانم من بە جوانی ئاگادار دەکەن. ئەو هەل و مەرجە کە زۆر ئارامە و بیسمارك هیوابراوە. ئەو ٤٨ کەس لە پیاوانی خۆش نیو و بەناوبانگ کە لەنیو ئەوان دا نوینەران، هاسلمەن و فرتیچە وراکو، باومن و ئادلر هەبوون تەبعید کردووە. ئەو پیاوانە کریکارانی برلین یان هیٚور راگرتبوو. بیسمارك ئەوەی دەزانی.

ئەو هەروەها دەیزانی کە ٧٥ هەزار کریکار لە شاردا هەن کە لەوپەری برسیەتی دان. ئەو ئەرخەیان بوو کە ئەم جەماوەرە شۆرش دەکەن و ئەو دەتوانی نیشانەیەك بۆ کەرنەڤالی کوشتار و قەتلی عام بیٚ. دواتر دەتوانی ئەو روداوە لە سەرجەمی ئیمپراتوری ئالمان دا پەرە پیٚ بدات، ئێئوری خوینی وئاسنی ئەو دوای ئەوە دەتوانی هەلکشان و داکیشانیکی تەواوی هەبیٚ و زەریبە وەرگرتنیش بۆ هەر هەریمیك پەرە پیٚ بدەیی. تا ئیستا هیچ یەکیتییەکی گەورەی نەداوە و ناوبراو ئەمرۆکە لە هەل و مەرجیکی ئالۆزدا جیٚگیرە.

*

# هونەر و ئەدەبیات

## "سەڵای دەردێکی هاوبەشم سەرداوە"

ن: بارام ڕەحمانی

و: پەیمان

دەکریٚ سەبارەت بە ئەحمەدی شاملو هەزاران لاپەرە بنووسی، چەندین کات ژمیر و چەندین رۆژ لە بارەیەوە قسە بکەی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەول و کۆششە ئەدەبی و کۆمەلایەتیەکانی بدەیە بەر باس. چون کاردانەوەی لەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی، وەك شاعیریکی جەماوەری بە دەربەست، بە چەشنیك قولٚ و بەربلاوە کە قسە کردن لە بارەیەوە زۆریش سەهل و ئاسان نیە.

ئەو، دەربیجەگەلیکی نوێی لە بەردەم کۆمەلگای فەرهەنگی و هونەری ئیران دا کردەوە. ئەو، مرۆڤیکی ئازادە و نموونەی هونەرمەندیکی پیشرەو و مودێرن بوو. نیما یوشیج، شیعری نوێی فارسی پایە ریژی کرد. بەلام، ئەوە شاملو بوو کە بۆ خەلکی کردە شیاوی هەست پێکردن و لایەنی جەماوەری و کۆمەلایەتی پیٚبەخشی. وەها هەنگاویك گەلیك دژوار و تاقەت پروکین بوو. تەنیا تەفەکور، جستوجۆگەری و هەلوەدایی، شیلگیری بەردەوام و هەولی ماندو نەناسانەی شاملو بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی شیعری نوێی فارسی ریگای رزگاری و دەرباز بوونی دژوار و بەرتەسك و تاریك بپێویٚ و جیگا و شوینی شایستەی خۆی لە دنیای فەرهەنگ و ئەدەبی مودێرن دا بەدەست بینی. بیٚهۆ نیە کاتیٚ نیما ٥٠ سال لەوەپیش داوا لە شاملوی لاو دەکات تا پیشەکیەك بۆ کتیبەکەی واتە ئەفسانە بنووسیت. نیما لە جۆزەردانی ١٣٣٠ هەتاوی‌دا لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەدی شاملو ئاوا دەنووسیت:

"عەزیزی من، ئەم چەند وشەیە بۆ ئەوە دەنووسم تا جلٚدیك لە کتیبی ئەفسانەی من وەك یادگاری بەلای تۆوە بیت. تۆ شارەزاترین کەسی بەکار و رۆحیەی منی و شارەزای جسارەت و هەلچوونیکی کە توانایی بەرەوروو بوون پیویستی پێیەتی. شیعرەکانت گەرم و زیندوون و ئەمەش خۆی نیشانەی شارەزایی تۆیە و دەری دەخات کە پەییت بەوە بردوە من لە چ هەل و مەرج و جیگا و شوینیکی تایبەتی‌دا دەست بە کاری نووسینی پارچە شیعریك دەبم. بە تایبەتی ئەو چەند دێرەی کە لە پیشەکیەکەدا سەبارەت بە ژیانی تایبەتی منت نووسیوە خۆشحالم دەکات. بە باشی پەییت بەوە بردوە کە من سەبارەت بەو رەنج و ئازارە یەك لە دوای یەکانەی ئاوێتەی ژیانم بوە بە چ شیوەیەك دەدویٚم. بەبیٚ ئەوەی خۆم لیٚگۆرابیٚ و لە دۆزەخی فەرامۆشیەکی مەترسیداردا بسووتیم. تەنیا جیاوازی هیندیك لە مرۆڤەکان لەگەل بەشیکی‌تردا لەم بەدەست هینان و زالٚ بوونە شاراوە دایە. هەر بەو رادەیەی کە هەلٚەی خەلك سەبارەت بە داوەری لەمەڕ شیعرەکانم شادمانم دەکات،

بەمەش شادمانم... سەبارەت بە ئینسانیەتیکی مەزنتر بیر دەکەیەوە. پەیوەندی خۆت لەگەل ئەو لە ریگای دەرکی دروستی ئەو شتانەوەیە کە سەر بە ئەساس و بنەرەتەکەین. ئاشنا بوون، هەلبژاردنی ریٚ و بابەت و مەودای هەلسورانی زیاتر کە زۆربەیان نازانن لە کوێوە مومکینە بۆ ئەفکاریان دەست بدات لەم ریگایەوەیە. لەمەبەدواوە شارەزاترین کەس بە ژیانی خەلك و باش و خراپی ئەفکاریان تۆ دەبی.

تیپەر بوونی زەمان دەریخست کە نیما بە راستی شاملوی ناسیبوو. تیکۆشانی شاملو تەنیا لە سنووری شیعرەکانی‌دا نەمایەوە. ئەو، بە نووسینی فەرهەنگە گەورە و بەرینەکەی، واتە "کتیبی کوچە"، بوو بە ئاوینەی بالانوینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی یەك میللەت.

"کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زۆریك لە واژەگەلی ناو خەلك و زەربولمەسەلەکان بوونە هۆی ئەوەی هیندیك کەسی بە روالەت خاوەن ئەدەب، ناوی "جنیٚونامەی" لیٚبنیٚن، و ئاخوندە دواکەتوو و کەللە وشکەکانیش، بگرە بەر لە بەدەسەلات گەیشتن، لە بەرانبەریدا دژ کردەوە نیشان بدەن..."، (ئەحمەد شاملو، کتیبی کووچە... دەفتەری دووهەم، ١٣٥٨)

شاملو لە وت ووێژیك دا سەبارەت بە چاپ و سانسۆری "کتیبی کوچە" دەلی:

"ئیمە قەوارەی ناوەوەی کۆمەلگامان لە ئاوینەدا هەیە و بە خۆیی نیشان دەدەین. پیی دەلیین تۆ ناچاری بە مەبەستی خۆ ئارایش کردن دەستیك بەسەر و سەکوتدا بیٚنی، بروانە! ئەم شاخۆچکانە ئەبینی بۆ خۆتت دروست کردوە؟ پیویستە هەلیان پاچی و روالەتی راستەقینەی خۆت ببینی... ئەم کتیبە ئەبی بە چاپ بگات. چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ولات. بەلام چون من لەناو ئیراندا دەژیم و حازر نیم لە ولاتەکەم بچمە دەرەوە و لەبەر ئەوەی ئەم بەرهەمە کەوتۆتە بەر رق و کینەی هیندیك لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە بە چاپ بگات ئەگەری ئەوە هەیە ئەمنیەتی کاریم بخاتە مەترسیەوە... ئیزن دان بە سانسۆریش بە بروای من چەشنیك تەسلیم بوونە. بگرە من ئەوەم پیٚ باشترە بەرهەمیکی کە دەلین بۆ نموونە فلان بەشی لابریٚ، با هەر چاپ نەکریٚ... (زەمانە، سەرماوەزی ١٣٧٠)

شاملو شارەزاییەکی قولی سەبارەت بە شوینی ژیانی خۆی، ئەدەبیاتی کۆن و نوێ و مەسایلە کۆمەلایەتیەکان بوو. ئەو سوننەت شکین بوو وە بە پیچەوانەی رەوتی ئاسایی دەچوە پیش. باوەرە کۆن و پواوەکانی دەدایە بەر رەخنە و ریگاچارەی نوێی دەنایە بەردەم کۆمەلگا. ئەو، هەرگیز خۆی بە سوننەت گەلی میللیەوە نەبەستەوە و گشت گۆشە و کەناری دنیای بە مالی خۆی زانی. بەردەوام لە شیعرەکانی‌دا مژدەدەری فەرهەنگی ئینسانی بوو.

"... شیعر گرکانی ئاگر پژینە لە ناخی تاریکی ئوقیانووس دا، کە بەدەر لە هەر چوارچیوە و کۆت و بەندیك بەدی دیت تا ئەو جەزیرە چەلەنگانە بەدی بێنیٚ وا جوغرافیای فەرهەنگی بەشەرییە."

شاملو، پیی لەسەر بە دەربەست بوونی هونەرمەند، لە بەرانبەر کۆمەلگادا، دادەگریت. هەربەم هۆیەوە بوو کە شیعرەکانی لە کەمترین ماوەدا دەچوونە دلی خەلکەوە:

"پەریا شیعریك بوو کە من راستەوخۆ لەسەر داوای کۆمەل نووسیم. کۆمەلگا پیویستی پیی بوو، منیش کە لە ناخی کۆمەلگادا بووم هەستم بەم پیویستیە کرد و ولامم پیدایەوە و کۆمەلگاش فەورەن وەریگرت و بردی. کە وابوو پەریا شیعریك بوو سەمەرەی داواکاری و ملزەم بوون. داوای دەروەستی و ئازادەگی، نەك وابەستەگی."

شاملو، لە بواری تەحقیق و وەرگیرانیش دا کارەکانی لەسەر ئەساسی ئارمانخوازی و دەروەست بوون سەبارەت بە ئازادی‌یەوە پایە ریٚژی دەکرد. وەرگیرانی کتیبی "بێلٚە با بدویٚم"، کە سەر بە ئەدەبیاتی کریکاری‌یە. "پاپەتیەکان" بەرهەمی زاهاریا استانکو، "دنی ئارام" لە نووسینی میخائیل شولوخۆف، رەش هەروەك ئافریقای خۆم، بەرهەمی لنگستن هیوز، بەشیك لە داستانەکانی عەزیز نسین، شیعری شاعیرانی وەك گارسیا لۆرکا، لوئیزئاراگۆن، نازم حیکمەت، پانیس ریتوس، ژاك پرەور، ژاك شاردن، پول ئالوار، مارگوت بیکل، ئکتاویوپاز و زۆر کەسی‌تر نەك هەر نیشانەی تەعەهودی ئەوە سەبارەت بە چەشنیك لە ئەدەبیات، بەلکو بە پشت و پشتیوانی گەشە و هەلدانی، فەرهەنگی دەزانی.

ئیندی پیٚندیٚنت، رۆژنامەی ئینگلیسی زمان، بە چاپ کردنی یادنامەیەکی شاملو، بەم چەشنەی نووسی: "شاملو کەسیکی چەپگەرای سیاسی بوو... بەر لە شۆرش لەپیناو رووخانی رژیمی شادا هەولی دا، نموونەیەکیش لە نووسینی شیعری "وارتان قسەی نەکرد" لە ستایشی زار نەکردنەوەی فیداکارانەی تیکۆشەریکی ئەرمەنی لە بەرانبەر شکەنجەگەرانی رژیمی شادا بۆ ئاشکرا کردنی هەوالەکانی کە لە ئاکام دا گیانی نایە پیناو ئەو نهینی پاراستنەوە... شاملو جیا لە شاعیرانی ئیرانی، ئیلهامی لە شیعری شاعیرانی جیهانی وەك: "فدریکۆ گارسیا، لنگستن هیوز، و لوئیز ئاراگون"یش وەرگرتوە.

ئەوە روونە کە بەرهەمی وەها شاعیریك، لە کۆمەلگایەکی ئازاد و بەرابەر و شاددا، لە کۆمەلگایەکدا کە لەوێدا هەموو شتیك لە خزمەت ئازادی، بەرابەری و ریفاهی خەلك دا قەراری گرتوە دەور و نەخشیکی تایبەتی بەدەستی دینی و دنیای مرۆڤایەتی شکۆفا و دەرازێنیٚتەوە.

ئەحمەد شاملو، شاعیریکە کە لە گشت ساتەکاندا لە پال خەلك دا قەرار دەگریٚ و لە کەمالٚی بوێریدا شیعری ئەوین و تیکۆشان دەنووسیٚ:

"من هاودەستی تۆم
تا ئەو دەمەی پیلانی پچراندنی زنجیری لە سەردا
تا ئەو دەمەی لەژێر لێوەوە پێدەکەنیٚ
دەشکۆفیٚ دلٚی بە عیشوە و
تف لە ریشی جادوگەر دەکا.
بەلام برایەکم نیە
هیچ کاتیٚ برایەکی لەو چەشنەم نەبوە
کە بلیٚ "ئەریٚ":
نا کەسیکی کە بە تاعون بلیٚ ئەریٚ و
نانە تاعوناویەکەی وەربگریٚ."

هەر ئەم مەیل بە عەدالٚەت و ئازادیەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەور و نەقشی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی خۆی لەژێر دەسەلاٚتی هەر دوو رژیمی سەرکوتگەردا بە سەرفەرازییەوە بگێریٚ. ئەو بەردەوام لەپیناو ئازادی ڕا دەربرین و ئازادی قەلەم و بیروباوەر و رێکخراوبوون دا خەباتی دەکرد و یەکگرتوویی و بزووتنەوە ئینسانیەکانی بە رێگاچارەی نەهێشتنی دەرد و ئازارەکانی خەلك دەزانی. دەیوت:

"... من لە دەردی خۆم نالاٚندومە و بۆ ئازادی خۆم شەڕم کردوە. بەلام ئەگەر دەردی من دەردی تۆ و کەسانی‌تریش بوە، ئەگەر "دەردیکی هاوبەش"م لە ناخدا بوە، کە وابیٚ هەر لەو حالەدا سەلاٚی "دەردیکی هاوبەش"م سەرداوە."

لە یەك کەلام دا دەبیٚ بلێین، شاملو، شاملو بوو نە شتێکی زیاتر و نە شتێکی کەمتر. پێویستە هەر بەو شێوەیەی کە هەیە چاوی لێبکەی چونکە خۆی، بەردەوام دژایەتی لەگەل بوت سازی‌دا بوو.

سەرچاوە:

کتێبی "چنین گوید بامداد شاعر" تایبەت بە یادی ئەحمەد شاملو

## ئیدارەی کاری شارستانی "بۆکان" ناوەندێکی‌تری دژی کرێکاری‌یە

ئیدارەی کار هیچ کات بۆ وەدی هاتنی حقوق و داخوازییەکانی کریکاران هەنگاوی هەل نەگرتووە، سەرەرای چەند نوسراوەیەکی فریوکارانەی حقوقی کە ئەم ئیدارەیە هەیەتی، بەلام هیچ کات بە شیوەیەکی جیددی ریشەی گرفتەکانی نیوان کریکاران و خاوەنکاران چارەسەر ناکات و هەمیشە بە سات و سەودا لەگەل خاوەنکاران، هەولی داوە کە داخوازییەکانی کریکاران بەرتەسك کاتەوە و وردە وردە خواستەکانی کریکاران بخاتە پەراویزەوە.

بۆ وینە لە شاری بۆکان ئیدارەی کار لە یەکیك لە کردەوە فریوکارانەکەی جیگەی "عومەری بایزیدی" کە سەرۆکی پیشوی ئیدارەی کاری بۆکان بوو لەگەل "عەلی خزرزادە"ی سەرۆکی پیشوی ئیدارەی کاری مهاباد گۆرییەوە. بەم کردەوەیە ویستیان وابنوینن کە بە جیٚ گۆرینی مورەکان، دەتوانن ناکارایی و ناشیٚلگیری خۆیان لە مەسایلی کریکاری‌دا سەرپۆش بنین. بەلام لە راستی‌دا ئەوە تەنیا سەرپۆشیکە بۆ ئەوەی کە ناوەرۆکی دژی کریکاری خۆیان بشارنەوە و بتوانن بۆ ماوەیەك رق و قینی ژمارەیەك لە کریکاران لە خۆیان دور خەنەوە بەلام ئەو سیاسەتەی ئەوان لە دریژماوەدا بیٚکەلکە و جواب نەدانەوەی ئەوان بە خواستەکانی کریکاران ناوەرۆکی راستەقینە و نالیٚهاتویی ئەوان دەردەخات.

## چالاکی تیکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری سنە

تیکۆشەران و هەلسووراوانی کۆمەلە لە شاری سنە لە رۆژانی چوارشەممە ١٤ و پیٚنج شەممە ١٥ی گەلاویژ بە بۆنی کۆتایی هاتنی کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە شاری سنە دەستیان داوەتە چالاکی بەربلاوی تەبلیغی لەو شارە. هەلسوراوانی کۆمەلە لە گەرەکەکانی قەتارچیان، سەفەری، شالمان، موبارەك ئاوا، وەکیٚل، فەرەح، چوارباخ، پیرمحەممەد، شەقامی فیردەوسی، شاپور، فەیزئاوا، مەیدانی ئینقلاب، مەیدانی ئازادی، شەهرەکی نوور، شەهرەکی بیعسەت، نایسەر، خانەقا، سیٚرای ئەدەب، سیٚرای شەریف ئاوا، دەستیان داوەتە بلاو کردنەوەی بەیانیەی کۆتایی کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران.

کۆبوونەوەی گشتی.
٥_ دەرمانی جیهانی
٦_ بارهینانی بە خۆرایی و گشتی، ئازادی زانست و مەزهەب.
٧_ سرینەوەی سەرجەم مالیاتە ناراستەوخۆکان. خەرجی دەولەت و شارەوانی لە ریگای مالیات بە نیسبەت ئاستی داهاتی راستەوخۆ و پیشکەوتوو دابین بکرێ.
٨_ ئازادی کاری هاوبەش لەنیو چینە کریکاریەکاندا.
٩_ ناساندنی رۆژی یاسای کار. کەم کردنەوەی کاری ژنان و نەهیشتنی کاری مندالان.
١٠_ یاسا تەندروستییەکان بۆ پشتگیری لە ژیان و تەندروستی کریکاران.
١١_ رێ و شوینی شیاو بە سەرنج دان بە کار کردن لە زیندان دا.

لە راپۆرتی "بانکرافت دیویس"دا مادەی دەوازدەهەم کە بە بروای من گرینگ ترین بەشی ئەوە هاتووە:

یارمەتی دەولەتی بۆ بوارەکانی پیشەسازی بە هەلویستی دیموکراتیکەوە.

لە دوکتور کارل مارکسم پرسی کە بۆچی ئەو مادەیەی دەرهاویشتووە و ئەو وەلامی دایەوە:

کاتیك کە لە سالی ١٨٧٥دا یەکیتی لە گوتە پیکهات، لەنیو سوسیال دیموکراتەکان دا دوبەرەکایەتی لە ئارادا بوو. بەرەیەکیان لایەنگری "لاسال" بوون و بەرەکەی دیکەش بە گشتی گەلالەی ریکخراوی "نیونەتەوەیی‌یان" لا پەسەند بوو، نیوی حیزبی "ئایزانخ"یان لەسەر نان.

مادەی دەوازدەهەم لە "پلاتفورم"دا نەبوو، بەلام لەلایەن پاوانخوازەکان و لایەنگرانی "لاساله"وە لە پیشەکیدا گونجێندرا. دوای ئەو هیچ کات قسەی لەسەر نەکرا. ئاغای دەیویس نالی کە ئەوەی وەك بەرژەوەندی‌یەك کە بایەخیکی تایبەتیشی نەبوو لە گەلالەکەدا گونجاندووە، بەلام ئەوەی وەك یەکیك لە گرینگ ترین بنەماکانی گەلالەکە گونجاند.

من پرسیم، بەلام سوسیالیستەکان بەگشتی راگواستنی کەرەسەکانی کار بۆ خاوەنداریەتی گشتی کۆمەلگا وەك ئەوپەری بزووتنەوە چاو لێ دەکەن.

بەلی، ئیمە دەلێین کە ئەمە ئاکامی بزووتنەوە دەبی، بەلام ئەوە هەل دەگەریتەوە سەر کات، بارهینان و ئەو ناوەندانەی پلە و پایەی کۆمەلایەتی بالایان هەیە.

من وەبیرم هینایەوە کە ئەم "پلاتفورمە" تەنیا بۆ ئالمان و یەك دوو ولاتی‌تر گونجاوە.

ئەو وەلامی داوە: ئەها! ئەگەر ئیوە بە ئاکامی لیکدانەوەکەی خۆتان شتیك جیا لەوە وەردەگرن، دەکەوایە (دەبی بلیم) ئیوە شتیك لە هەلسوورانی حیزبی نازانن.

زۆریك لەم ماددانە لە دەرەوەی ئالمان بایەخیان نیە. ئیسپانیا، روسیە، ئینگلیستان و ئامریکا "پلاتفورم"یان هەیە و پلاتفورمەکەیان گونجاو لەگەل گیروگرفتی خۆیانە، تەنیا خالی هاوبەشی نیوان ئەوان، ئامانجیکە کە دەبی وەدەستی بینن، ئەویش دەسەلاتداریەتی کریکارە. ئەوە رزگاری کریکارە.

ئایا سوسیالیستەکانی ئوروپا وەك بزووتنەوەیەکی زۆر شیلگیر دەروانن بزووتنەوەی ئامریکا؟

بەلی، ئەمە کاردانەوەی سروشتی گەشەی ولاتە. دەوتری کە ئەم بزووتنەوەیە لە ریگای نا ئامریکایی‌یەکانەوە دزەی کردوەتە ئەم ولاتە.

٥٠ سال لەمەوبەر کاتیك کە بزوتنەوە کریکاریەکان لە ئینگلیستان سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا، هەر ئەو شتانە دەوتران و ئەوە زۆر پیشتر لەوە بوو کە قسە لە سوسیالیزم بکری. سالی ١٨٥٧ لە ئامریکا تەنیا بزوتنەوەی کریکاری دەکەویتە بەرچاو. سەرەتا ریکخراوە تیجاریەکان پەرەیان گرت، دوای ئەو کۆبوونەوە تیجاریەکان پیك هاتن کە لەواندا کریکارانی پیشەسازی جۆراوجۆر یەکیان گرت و دواتریش ریکخراوەکانی کاری نەتەوەیی پیك هاتن. ئەگەر ئیوە رەوتی ئەم بەرەوپیش چونە تاوتۆی بکەن، دەبینن کە سوسیالیزم لەو ولاتەدا بەبێ یارمەتی نا ئامریکایی‌یەکان هاتە ئاراوە و لە بنەرەت دا هۆکارەکەی تەمەرکوزی سەرمایە و پەیوەندی لە ئال و گۆر هاتوی نیوان کریکاران و خاوەنکاران بووە.

پرسیم ئەگەر وایە سوسیالیزم تا ئیستا چ کاریکی کردووە؟

وەلامی داوە: سوسیالیستەکان، هەولیان داوە کە لەنیوان کریکارانی ولاتە جۆراجۆرەکان تیگەیشتنیك پیك بینن کە ئەم کارە هاوکات لەگەل ئەوەی کە سەرمایەداران بۆ دامەزراندنی هیزی کاری جیهانی‌تر دەجولینەوە و لە هیزە خارجیەکان لەدژی کریکارانی خۆجیی نە تەنیا لە ئامریکا بەلکو لە ئینگلیستان، فەرانسە و ئالمان کەلك وەردەگرن، زۆر پیویست خۆ دەردەخا، پەیوەندی نیونەتەوەیی کە سەردەمانیك لەنیوان کریکارانی سێ ولاتی جۆراوجۆر پیك هات نیشانی دا کە بنەرەتەن سوسیالیزم گرفتیکی ناوچەیی نیە بەلکو مەسەلەیەکی نیونەتەوەیی‌یە کە لە ریگای هەلس و کەوتەکانی نیونەتەوەیی کریکارانەوە چارەسەر دەکرێ. چینی کریکار هاوکات بەرەوپیش دەچێ، بێ‌ئەوەی کە بزانی ئاکامی ئەم بزووتنەوەیە چ شتیك دەبی. سوسیالیستەکان داهینەری ئەم بزووتنەوەیە نین، بەلکو ئەساسەن بە کریکاران دەلین تایبەتمەندی بزووتنەوە چی‌یە و ئاکامەکەی چ دەبی.

من قسەکەیم پێبری و پرسیم کە بە مانای هەلوەشانەوەی ئەو نیزامەی ئیستا کۆمەلایەتی دەبێ؟

ئەو دریژەی پێدا: ئیمە دەلێین ئەم نیزامەی زەوی و سەرمایە لە دەستی خاوەنکاران لە لایەك و هیزی کار لە دەست کریکاران دا بۆ فرۆشتنی کالایەك، لەلایەکی‌ترەوە قوناغیکی میژوویی‌یە کە تیپەر دەبی و دەگاتە دۆخیکی کۆمەلایەتی بەرزتر. ئیمە لە هەموو شوینیك کۆمەلگایەکی دابەشکراو دەبینین. دژایەتی دوو چین شان بەشانی گەشەی پیشەسازی لە ولاتانی مودیرن، بەرەوپیش دەچی. لە روانگەی سوسیالیستیەوە، تا رادەیەك کەرەستەکانی شۆرش کردن، لە قوناغی میژووی ئیستا لە ئارادان. لە زۆریك لە ولاتان بەهۆی ریکخراوەی بازرگانی ریکخراوەی ساز کراوە سیاسەت بۆتە تیجارەت. لە ئامریکا پیویستی حیزبیکی سەربەخۆی کریکاری سەری هەلداوە. کرێکاران ئیتر زۆرتر لەوە ناتوانن باوەریان هەبیت بە سیاسەتمەداران. لەم بوارەدا ئامریکا بە تەنیا نیە و خەلکی ئەوێ لە ئوروپایی‌یەکان سوورتر و شیلگیرترن. لەوی دوورویی و درۆزنی کەمتر لەو لایەیە.

من لێم پرسی هۆکاری پەرەسەندنی خێرایی حیزبی سوسیالیست لە ئالمان چیە؟

ئەو وەلامی دایەوە: حیزبی نوێی سوسیالیست (ئالمان) دوای پیکهاتنی حیزبە سوسیالیستەکانی‌تر پیك هات. ئەوان بە شوین ئەو تەرحە خەیالیانەوە (ئوتوپیایی)ن کە لە ئینگلیستان و فەرانسە لە ئارادان. ئالمانیەکان زۆرتر لە هەولی تێئوریزە کردن دان. ئالمانیەکان لە ئەزموونەکانی پیشو بۆیان دەرکەوتوە کە دەبی بە کردەوە کارەکان بەرەوپیش بەرن. ئەم نیزامەی سەرمایەداری مودیرن لە ئالمان لە هەلسەنگاندنە لەگەل دەولەتە تازە و نوێیەکان.

تەقریبەن لەدەست پیکی گەشەی پیشەسازی مودیرن، حیزبیکی سیاسی سەربەخۆیان پیك هیناوە. ئەوان نوینەرەکانی خۆیان لە پارلمانی ئالمان هەیە. لەوێدا هیچ حیزبیك کە نەیاری سیاسەتەکانی دەولەت بێ نەبوو ئەم نەیاریە کەوتە ئەستۆی ئەوان. پیکهاتنی حیزبیك و کاریگەری دانانی ماوەیەکی زۆری دەوێ بەلام من دەبی ئەوە بلیم کە ئەگەر چینی مام ناوەندی ئالمان ریژەیەکی زۆری لەنیو خۆی‌دا نەبوایە، شتیك کە ئەوانی لە چینی ناونجی ئامریکا و ئینگلیستان لە یەك جیا دەکردەوە، لە ئاوا حالەتیك دا تەواوی کارە سیاسیەکانی دژی دەولەت دەبوایە ئەوان (حیزبی سوسیالیست) بەریوەیان بردبان.

من سەبارەت بە رادەی لایەنگرانی "لاسال" لە پلە نیونەتەوەیی‌یەکان دا پرسیارم لێ کرد.

ئەو وتی: حیزبی لاسال بوونی بۆ نیە، هەلبەتە ژمارەیەك لایەنگری لە ریزەکانی ئیمەدا هەیە بەلام ریژەی ئەوان زۆر کەمە. لاسال بنەمایەکی گشتی هیناوەتە ئاراوە. کاتیك کە ئەو بزاڤی دواکەوتوانەی سالی ١٨٤٨ی دەست پێکرد، ئەو خوشباوەری‌یە دایگرت کە دەتوانی بزووتنەوەکە بە هاوکاری کریکارانی ناوەندە پیشەسازیەکان بە تەواوی زیندوو کاتەوە. ئەوان هیندیك بشیوکاری‌یان کرد. ئەو خۆی بە ئامانجی کۆتایی بزووتنەوەکە دەزانی. من لەم بوارەدا نامەی ئەوم هەیە.

ئیوە وەك سوپاپی ئەرخەیانی نیۆتان لێ بردووە؟

هەر وایە، ئەو چووە لای بیسمارك و پیی وت چ تەرح گەلیکی هەیە و بیسماركیش هانی‌دا.

ئامانجی ئەو چ بوو؟

ئەو دەیەویست لە چینی کریکار لەدژی چینی مام ناونجی کە سەببەکاری گیروگرفتەکانی سالی ١٨٤٨ بو کەلك وەرگرێ.

ئاغای دوکتور، دەوتری کە ئیوە بەرپرس و پیشەنگی سوسیالیزمن و لە کوشکەکەتانەوە، لیرەوە سەرجەم کۆر و کۆمەل و ئەو شۆرشانەی کە دریژەیان هەیە کونترول دەکەن. لەم پەیوەندی‌یەدا دەلین چی؟

پیری کۆنە کار زەردەیەکی هاتێ و وتی: من ئەوانە دەزانم. ئێشی زۆرە. سەرەرای ئەوە لایەنی کۆمێدی ئەوەیشە. نزیکەی دوو مانگ بەر لە هەولەکانی "هۆدل"، بیسمارك لە رۆژنامەی "نۆرس جێرمەن"ی خۆی‌دا ئیدعای کرد کە من لە گروپی "فادربێك"دا ریبەری بزووتنەوەی جولەکە بووم و من بە شوین ئەوەوە بووم کە بزووتنەوەی سوسیالیزم بە جۆریك راگرم کە ئەو نەتوانی کاریك بەم بزووتنەوەیە بکات.

بەلام کۆمەلی نیونەتەوەیی ئیوە بزووتنەوەکە ریبەری دەکات؟

کۆمەلی نیونەتەوەیی کەلکی خۆی لەدەست داوە ئیتر لە ئارادا نیە. ئەوکاتەی کە هەبوو بزووتنەوەی ریبەرایەتی دەکرد، بەلام لەم سالانەی دوایی‌دا سوسیالیزم ئەوەندە پەرەی سەندووە کە ئیتر پیویستی بە بونی کۆمەلی نیونەتەوەیی نیە. رۆژنامەکان لە ولاتە جۆراوجۆرەکان کارەکانیان دەست پێکردووە. ئەوان بەردەوام لە قول بونەوەدان. ئەمە تەنیا ریگای پەیوەندی حیزبەکان لە ولاتانی جۆراوجۆر لەگەل یەکترە. فەلسەفەی بوونی کۆمەلی نیونەتەوەیی لە هەنگاوی یەکەم دا ئەوە بوو کە کریکاران لە یەکتر نزیکتر کات و بەرژەوەندی کاریگەری دانانی ریکخراو لەنیو نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا نیشان بدات. بەرژەوەندی هەر حیزبیك لە ولاتە جۆراوجۆرەکان دا وەك یەك نیە. ئەوە کە رۆحی "نیونەتەوەیی خوازان" لە لەندەن هەیە ریك داهینانیکی خەیالی‌یە ئەمە راستە کە کاتیك لە سەرەتاوە ریکخراوەی نیونەتەوەیی خوازان پیك هات ئیمە کۆر و کۆمەلە دەرەکی‌یەکانمان رینمایی دەکرد. ئیمە ناچار بوین کە ژمارەیەك لە کۆر و کۆمەلەکان لە نیویورك کە لەنیو ئەوان دا "مادام وودهال" نیوبانگی هەبوو، دەرهاوێین. ئەوە لە سالی ١٨٧١دا بوو. لە ئامریکا چەندین سیاسەت وانی ئامریکایی هەن_ کە نامهەوێ نیویان بینم_ پییان خوشە لە بزووتنەوەکەدا بەشداری بکەن. ئەوانە بە تەواوی بۆ سوسیالیستەکانی ئامریکا ناسراون.

دوکتور مارکس، لایەنگرانی ئیوە زۆر بە توندی لە مەزهەب دەدوێن، هەلبەتە ئیوە پێتان خۆشە کە سەرجەمی ئەو نیزامە (ئیستا) لە بنچ و بناوانەوە لەناو بچێ.

ئەو دوای ساتیك تێفکرین وەلامی داوە:

ئیمە دەزانین کە کردەوەگەلیکی توندوتیژ ئامیز لەدژی مەزهەب بێهودەیە، بەلام ئەمە روانگەیەکە، کە هاوکات لەگەل پەرەی سوسیالیزم، مەزهەبیش دەکەویتە لاوە. کەوتنە لاوەی ئەو دەبی بە گەشەی کۆمەلایەتی بکری کە دەبی بارهینان دەوریکی گرینگ لەودا بگێری.

ئیوە ژۆزێف کوك دەناسن؟

نیوەکەیم بیستووە. ئەو کەسیکە کە سەبارەت بە بابەتی سوسیالیزم زانیاری ناراستی هەیە؟

ئەو لەم دوایی‌یانەدا لە لیدوانیکدا وتویەتی کە:

کارل مارکس هەولی داوە بە وتنی ئەوەی کە باش بوونی هەل و مەرجی کریکاران لە ئامریکا، بریتانیا و رەنگە لە فەرانسەش بەبێ شورشی خویناوی سەر دەگرێ، بەلام لە ئالمان، روسیە، ئیتالیا و ئوتریش ئەم کردەوەیە هاوکاتە لەگەل خوینریژی، بایەخی پێبدرێ.

دوکتور بە پێکەنینەوە وەبیری هیناوە کە:

هیچ کەسیکی سوسیالیست چاوەروانی ئەوە نیە کە شۆرش لە روسیە، ئالمان، ئوتریش و رەنگە لە ئیتالیاش شورشیکی خویناوی بێ. ئەگەری ئەوە هەیە کە شورشی فەرانسە لەو ولاتانە دووبارە روو بدات. ئەمە بۆ هەر خویندکاریکی سیاسی ئاشکرایە. بەلام ئەم شورشانە لەلایەن زۆرینەوە روو دەدەن. هیچ حیزبیك ناتوانیت شورش بکات، مەگەر نەتەوەیەك.

من وەبیرم هینایەوە: ژۆزێف کوك بەشیك لە نامەیەکی کە ئیدعا دەکات ئیوە سەبارەت بە کۆمۆنی پاریس لە سالی ١٨٧١دا نوسیوتانە دەرهیناوە کە ئاوایە:

ئیمە ئیستا ٣ میلیون کەسین. لە ٢٠ سالی داهاتوودا رەنگە ببین بە ٥٠ تا ١٠٠ میلیون کەس. لە ئاوا حالەتیکدا سەرجەمی دنیا دەبی بە هی ئیمە و تەنیا پاریس، لیون، مارسەی کە لەدژی سەرمایەی نەفام شورشیان کردووە بە تەنیا نابن، بەلکو برلین، مونیخ، درسدن، لەندەن، لیوێرپول، مەنچستێر، بروکسێل، سن پێترزبورگ، نیویورك بە کورتی سەرجەمی دنیایان پێ پەیوەست دەبی. بەر لەم شورشە نوێیە، کە میژوو لە بیری نیە، رابردوو وەك شەوەیەکی شاراوە لەناو دەچی، ئاگری تورەیی خەلك هاوکات لە ١٠٠ شوین بلیسە دەستینی کە تەنانەت پادەکانیشیان دەسریتەوە.

دوکتور ئایا ئیوە ئەم بابەتە تەئید دەکەن؟

من هیچ کات وشەیەکم لەو بابەتەوە نەنوسیوە و من هیچ کات ئاوا بابەتیکی ملودراماتیکی بێهودە نانوسم. من سەبارەت بە وشەیەك کە دەینوسم زۆر ورد دەبمەوە. ئەوکات ئەو نامەیە بە ئیمزای من لە "فیگارو"دا چاپ کرابوو. سەدان نامەی لەو چەشنە هەیە. هەر ئەوکات من بۆ تایمز لەندەنم نووسی و ئیدعام کرد کە ئەوانە ساختەن. ئەگەر من ویستبام هەموو ئەو شتانەی کە بەنیو وتەی منەوە بلاو کراونەتەوە رەد بکەمەوە، پیویستم بە چەندین بەردەست هەیە.

ئایا ئیوە لە لایەنگری لە کۆمۆنی پاریس بابەت تان نوسیوە؟

بێشك من ئەو کارەم کردووە و لە بەرژەوەندی ئەوانیش شتم نووسیوە، بەلام رۆژنامەوانانی پاریس لە رۆژنامەکانی ئینگلیسی‌دا بە تەواوی ئەم کیفایەتەیان هەبووە تاکو هەلە چاپ کراوەکان لە نوسراوەکاندا رەد بکەنەوە. کۆمۆن تەنیا نزیك بە ٦٠ هەزار کەسی بە کوشت دا. "مارشال مەك ماهان" و ئەرتەشە جینایەتکارەکەی زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسیان کوشت. هیچ بزووتنەوەیەك بە رادەی کۆمۆن ئەوەندە نەکەوتە بەر درۆ هەلابەستن.

باشە لە ئاوا حالەتیك دا ئایا ئەو کەسانەی کە باوەریان بە سوسیالیزم هەیە بۆ بە کردەوە دەرهینانی بنەماکانی ئەو دەست نابەن بۆ تیرور و خوینرێژی؟

کارل وەلامی داوە: هیچ بزووتنەوەیەکی گەورە بەبێ خوینریژی سەرکەوتنی بەدەست نەهیناوە. سەربەخۆیی ئامریکا بە خوین رشتن مسۆگەر بوە، ناپلئون فەرانسەی لە ریگای خوینریژی‌یەوە داگیر کرد و بۆ خۆشی هەر بە هەمان شیوە لەناو چوو. ئیتالیا، ئینگلیستان، ئالمان و هەر ولاتیکی‌تر ئەم ئیدعایە بە ئیسبات دەگەیەنێ.

ئەو دریژەی پێدا:

ئەمە شتیکی نوێ نیە و پیویست ناکات باسی بکەین. "ئوریسین" هەولی دا ناپلئون بکوژێ، پاشان زیاتر لە هەر کەسیکی‌تر خەلکیان کوشتووە، عیسا مەسیح کوژرا، پیورتینەکان لە سەردەمی کرامول دا کوژران. ئەو کارانە پێش لە دایك بوونی سوسیالیزم کراون یا هەول بۆ بەریوە بردنیان دراوە. هەرچەند کە ئیستا هەر هەولیك کە بە نیوی دەسەلات یان دەولەتەوە دەکری دەیدەنە پال سوسیالیزم؟

من لە دوکتور مارکسم پرسی "کە ئەو سەبارەت بە بیسمارك چۆن بیر دەکاتەوە؟"

ئەو وەلامی داوە کە: تا ئەوکاتەی ناپلئون لە دەسەلات دا بوو دەیانگوت بێهاوتایە، دوای نەمانی دەسەلاتی وەك نەفام نیویان لێ دەبرد. بیسماركیش هەمان چارەنووسی ناپلئون دریژە پێ دەدات. ناوبراو لەژیر ناوی یەکیتی، سەرەرۆیی دەست پێکرد. ئاخرین جم و جولیشی کودەتا نەبێ شتیکی‌تر نیە، بەلام ئەویش هەر دەشکێ. سوسیالیستەکانی ئالمان تا رادەی سوسیالیستەکانی فەرانسە لەگەل شەری ١٨٧٠ وەك شەریکی ئەساسەن پاشایەتی دژایەتی‌یان کرد. ئەوان راگەیاندنی جۆراوجۆریان دەرکرد و بە خەلکی ئالمانیان وت کە ئەگەر بیلن شەری خۆپاریزی ئەوان ببیت بە شەری سەرکەوتن خوازانە لەگەل سەرەرۆیی نیزامی و سەرکوتی بێرەحمانەی جەماوەری بەرهەم هینەر بەرەورو دەبن.

هەر بەم هۆیە حیزبی سوسیال_ دیموکراتی ئالمان_ بۆ دامەزراندنی ئاشتی شەرافەتمەند

بروانە ل ٦

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 192 JULY: 2004

# پولیسی تورکیە لە شاری دیاربەکر ٤٥ ژن دەستگیر دەکات

بەپیی هەوالیك لە رۆژنامەی حورییەت چاپی تورکیە، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا لە ئاکامی چەند خۆپیشاندان لە شاری دیاربەکری تورکیە هیزەکانی پولیس ٤٥ ژنی کورد دەستگیر دەکەن.

یەکیك لەم خۆپیشاندانانە کە لەلایەن "جەمعیەتی ژنان" لە شاری دیاربەکر بەریوە چوو وە هەروەها خۆپیشاندانیکیتر هەر لەو رۆژەدا بوە هۆی تیك هەلچونی پولیس و خۆپیشاندەران و لە ئاکام دا ٤٥ ژنی بەشدار دەستگیر و چەند کەسیکیتریش بریندار دەبن.

# وتوویژیك لەگەل کارل مارکس



لە مالیکی چکۆلەی گەرەکی "هاوار ستوك هیل" هەلکەوتوو لە باکوری رۆژئاوای لەندەن، کارل مارکس دانەری سوسیالیزمی مودیرن، ژیان بەسەر دەبات. ناوبراو سالی ١٨٤٤ بەهۆی تەبلیغی تیئوریە شۆرشگیرانەکانی لە زیدی خۆی_ ئالمان_ تەبعید کرا. لە سالی ١٨٤٨دا گەراوە بۆ ئالمان، بەلام دوای چەند مانگ دیسانەوە تەبعید کراوە. لە پاریس نیشتەجێ بوو بەلام بوونی تیئوریە شۆرشگیرانەکانی بووە هۆی ئەوەی کە سالی ١٨٤٩ لەو شارە دور خریتەوە. لەو سالە بەدواوە دەفتەری ناوەندی ئەو لە لەندەن کرایەوە. پابەند بوون و سوربوون لەسەر باوەرەکانی لە هەمان سەرەتاوە سەرئیشەی زۆری بۆ بەدواوە بوو. لە روالەتی مالەکەی را دەردەکەوێ کە بێشك ئەو بیروباوەرەی ئاسودەیی بۆ ئەو بەدواوە نەبووە. بێشك لەماوەی ئەو سالانەدا ئەو زیادە لەحەد خۆی ناوەتە پیناو روانگەکانی (کە بێگومان لە باوەری قولی بەوانەوە سەرچاوە دەگرێ) و هەرچەند ئیمە بانگەشەی ئەوان بە بێبایەخ لە قەلەم بدەین، بەلام ناتوانین بۆ کەسیك کە ئیستا تاراوگەیەکی مەزنە و خۆی ناوەتە پیناو بیروباوەرەکەی ریز دانەنێین.

هەوالنیر دوو سێ جار منی بۆ لای ئەو برد و هەرجارەش کە چاوم بە دوکتور دەکەوت، کتیبیك بە دەستیکیەوە و بە دەستەکەیتریشی سیگاری دەکیشا، ناوبراو دەبی زیاتر لە ٧٠ سالی تەمەن بیت (مارکس لەو سەردەمەدا ٦٠ سالی تەمەن بوو) کەتەیەکی قەلەو بوو. ئەو یەکە روناکبیر و وینەی جولەکەیەکی بیرمەند بوو. سەروریشی دریژ و بۆرە. رەنگی چاوەکانی لەژیر برۆ پرەکانیدا لە رەشی دەدا. لە بەرامبەر کەسیکی نەناسیاودا زۆر ئاگای لە خۆیەتی. بەگشتی کەسی بیانی دەتوانی موجەویزی دیتنی وەرگرێ، بەلام "هیلین دمورت" ژنیکی ئالمانی کە پێی سپیردراوە چاوپیکەوتنەکانی بۆ ریك بخا، دەستوری پێدراوە کە ئیزنی چاوپیکەوتن لەگەل مارکس بە کەس نەدات مەگەر ئەو کەسەی کە ناسنامە بێنێ. کاتیك پێ دەنێتە کتیبخانەکەی، ئەو عەینەکە یەك چاویەکەی لە بەرچاو دادەنی تاکو ئاستی روناکبیریتان هەل بسەنگینی و دوای ئەوە قسە بکات. دوای ئەمەیە کە لە بەرامبەر ئیوەدا زانستی ئەو پیاوە دەردەکەوێ.

دەنگی قسە کردنی یەك ریتم نیە، بەلکو بەقەد ژمارەی رەفحەی کتیبخانەکەی ئال و گۆری بەسەردا دیت.

بە شیوەی باو دەتوانی کەسیك لە ریگای ئەو کتیبخانەی کە دەیانخوینیتەوە بناسی و کاتیك کە بلیم من لە کتیبخانەی ئەو پیاوەدا بەرهەمی شکسپیر، دیکینز، مولیر، بیکن، گوتە، پین، کتیبی ئینگلیستانی، ئامریکا، فەرانسە، بەرهەمی سیاسی_ فەلسەفی روسیە، ئالمان، ئیسپانیا، ئیتالیا و ... دیت، ئیوە خۆتان دەتوانن سەبارەت بەم پیاوە بە ئاکام بگەن. لەماوەی قسەکردنم لەگەل ئەو لە پرسیارگەلیکی پەیوەندیدار بە ئامریکا و زانیاری ئەو سەبارەت بەو ولاتە کە لەماوەی ٢٠ سالی رابردوودا جیگا و شوینیکی تایبەتیان هەبوو، سەرم سورما. زانیاری ئەو سەبارەت بە روداوەکانی ئامریکا و سەرنج دانی ئەو کە هاوکات بوو لەگەل رەخنە گرتن لە یاسا دانانی ئەیالاتی و نەتەوەیی، بە توندی خستمیە ژیر کاریگەریەوە، بە جۆریك کە هەستم کرد دەبی ئەو زانیاریەکانی لە سەرچاوەگەلیکی نیوخۆییەوە وەدەست هینابێ. بەلام بەراستی زانیاری ئەو بە تەنیا نەدەبەسرایەوە بە ئامریکا، بەلکو سەرتاسەری ئوروپای دەگرتەوە.

کاتیك قسە لە سەرقالیەکەی_ سوسیالیزم_ دەکری، ئەو ناکەویتە سەر خەیالە ملودراماتیکەکان کە زۆرجار دەیدەنە پالی، بەلام سەبارەت بە گەلالە خەیالیەکانی خۆی کە "رزگاری مرۆڤ"ە بە هۆگری و سوربونیکی تایبەتیەوە (کە دەرخەری واقیع گەرایی تیئوریەکانی ئەوە، ئەگەر لەو سەدەیەش دا نەبێ، لانیکەم لە سەدەی داهاتوو دایە) دریژە دەدات.

رەنگە، دوکتور کارل مارکس لە ئامریکا وەك نووسەری "کاپیتال" و بونیات نەری "کۆمەلی نیونەتەوەیی" بناسریتەوە. لەو وتوویژەدا، ئیوە دەبینن کە ئەو لەو کۆمەلگایەی ئیستا دەدوێ.

تا کاتیك کە دیدارەکەم لەگەل کارل مارکس دەستی پێکرد خۆم سەرقالی خویندنەوەی "پلیت فورم" راپورتی رەسمی "بانکرافت دیویس" لە سالی ١٨٧٧دا کرد، کە بە بروای من ئاشکراترین و تەواوترین بەیانی سوسیالیستیە کە دیومە. مارکس وتی: ئەوەم لە راپۆرتی کۆبوونەوەی سوسیالیستەکانی گوتەی ئالمان لە سالی ١٨٧٥ وەدەست هیناوە. بە وتەی ناوبراو وەرگیرانی ئەم راپورتە هەلەی تیدا بووە و ئەو هەلەکانی لێ راست کردوەتەوە کە هەلەچن کراوی ئەم دەقە بەمجۆرەیە:

١_ مافی دەنگدانی راستەوخۆ، نهێنی و جیهانی بۆ تەواوی پیاوانی سەروی ٢٠ سال بۆ تەواوی هەلبژاردنەکان لە شارەوانی و دەولەت دا.

٢_ یاسا دانانی راستەوخۆ لەلایەن خەلکەوە، شەر وئاشتی بە دەنگی راستەوخۆی خەلك.

٣_ هەلوەشانەوەی ئەرتەشی ئیحتیات.

٤_ هەلوەشاندنەوەی سەرجەم یاسا و ریساکانی تایبەت بە پەیوەندی یاساکانی چاپەمەنی و

بروانە ل ٧

# هیرش بۆسەر ئازادیە کۆمەلایەتی‌یەکان لەئیران

لە دریژەی سیاسەت و بەرنامەکانی رژیم بۆ هەرچی زیاتر بەرتەسك کردنەوەی فەزای کۆمەلایەتی شارەکانی ئیران، لە رۆژی هەینی ٩ی گەلاویژ دەوریکی دیکە لە هیرش بردنە سەر کچان و ژنان و کوران لە شاری ئیسفەهان، سەبزەوار و بەندەر ئەنزەلی لەلایەن هیزەکانی رژیمەوە دەستی پێکردووە. لە ئیسفەهان هیزەکانی ئینتزامی رژیم لە بازاری "خەرازی" ئەو شارە کچان و ژنانیان بە بیانووی بێحیجابی داوەتە بەر لیدان و ئەزیەت و ئازار. هیزەکانی ئینتزامی لە دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە کچان و کورانیان دەستگیر و راپیچی بەندیخانەیان کردون. لە شاری سەبزەواریش لە دوای هیرشی هیزەکانی سپای پاسدارانی رژیم لەو شارە بۆسەر رێ و رەسمیکی زەماوەند گروپیکی ئورکیست و ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانیان دەستگیر کرد. هەروەها لە شاری بەندەری ئەنزەلی رۆژی یەکشەممە ١١ی گەلاویژ هیزەکانی رژیم هیرشیان کردوەتە سەر خەلك و لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانیان دەستگیر کردووە.



# بارودۆخی تەندروستی کریکارانی "نەساجی شاهۆ" روو لە خراپ بوونە

کریکارانی کارخانەی نەساجی شاهو لە سنە لە نارەحەتی و گرفتیکی زۆری جەستەیی و رۆحی ئازار دەبینن و خاوەنکارانی ئەم ناوەندە هیچ هەولیك بۆ چارەسەر کردنی ئەم نەخۆشیانەیە نادەن و بارودۆخی تەندروستی ئەم کریکارانە لە مەترسی دایە.

بەپیی ئاخرین تویژینەوەی پزشکی لەسەر ئەو کریکارانە دەری خستووە کە ٩٦ کەس لە کریکارانی کارخانەی شاهۆ تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر هاتوون کە لەم بەینەدا، ٨ کەسیان تووشی نەخۆشی دل و هەناو بوون، ٣٠ کەسیان تووشی نەخۆشی ئیسك واتە "ئورتوپیتی" هاتوون، ١٧ کەسیان تووشی نەخۆشی عەسەبی و میشك هاتوون، ٣ کەسیان نەخۆشی کولیە و میزەلدانیان هەیە، ١٨ کەس تووشی نەخۆشی رەوانی، ٨ کەس تووشی نەخۆشی دەرونی و هەروەها ١٢ کەسیش لە نەخۆشی چاو رەنج دەبەن. بارودۆخی نالەبار و نەبوونی بیهداشت لە شوینی کار بوەتە هۆی تووش بوونی ئەم کریکارانە بە نەخۆشی جۆراوجۆر کە خاوەنکارانیش هیچ هەولیك بۆ دابین کردنی بیهداشت و تەنانەت چارەسەر کردنی نەخۆشی ئەم کریکارانە نادات.

# ١٦ میلیون مینی پوچەل نەکراو لەسەر سنوورەکان

لە حالیکدا کە هەررۆژە هەوالی کوژران یان بریندار بوونی خەلکی زەحمەتکیشی ناوچە سنوریەکانی ئیران بەهۆی تەقینەوەی مین لە راگەیەنەرە گشتی‌یەکان دا بلاو دەبیتەوە، بە وتەی مودیر عاملی کانونی پاکسازی مین لە ئیران بە هەبونی ١٦ میلیون مینی پوچەل نەکراو لە ناوچە سنوریەکان، ئیران یەکیك لە سەرەکی‌ترین ولاتانی دنیایە لەم بوارەدا. هەروەها بەپیی راپۆرتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش، دیهات و شارە سنوریەکانی ئیران لە مەترسی‌دارترین ناوچەکانی دنیا لە روی مینەوەیە. رژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام پیشگیری کردووە لە هەلسوورانی ریکخراوە غەیرە دەولەتیەکانی ولاتانی‌تر لە بواری پوچەل کردنەوەی مین و خۆیشی هیچ هەنگاویکی جیددی لەم بابەتەوە هەل ناگرێ.

پیشرەو

ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:
ئیبراهیم عەلیزادە

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali:
Komalah@komalah.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

---

ئینترنت:

سایتی کۆمەلە
www.komalah.org

سایتی رادیو کۆمەلە
www.Radiokomaleh.Com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
www.cpiran.org

نوینەرایەتی کۆمەلە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania-Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail:
Komalah@hotmail.com

نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail:
komala@cpiran.org

دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:

شەوانە: ٢١تا ٢٢ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

---

دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەلە):

بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠

شەوانە: ٢٢-٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز